چاپەمەنی مانگ

# هێندێک ڕێوشوێن

## بۆ پێداچوونەوەی کتێبەکانی چاپەمەنی مانگ

ئامادەکردن:

محەمەدئەمین شاسەنەم

## ناوەڕۆک

**بەشی پێداچوونەوە........................................ 5**

**هەڵەی ڕێزمان ........................................ 6**

**هەڵەی وەرگێڕان ........................................ 7**

**هەڵەی ئیملایی ........................................ 8**

**هەڵەی ڕێنووس........................................ 9**

1. مەودای نێوان وشەکان........................................ ٩

٢. کێشەی «دا» ........................................ ١٣

٣. ئامرازی «تر، ترین»........................................ ١٤

٤. کێشەی «و»........................................ ١٥

٥. کێشەی «ڕ»........................................ ١٨

٦. کێشەی نووسین/نەنووسینی «ت» لە کۆتایی کردارەکاندا................ ١٨

٧. کێشەی «بە» ........................................ ١٩

٨. کێشەی «لە» ........................................ ١٩

٩. کێشەی «وە، ەوە، دا، ڕا» ........................................ ٢٠

١٠. کێشەی پێشگرەکان (بۆ نموونە «هەڵ، دا، ڕا، وەر، دەر) ................ ٢١

١١. ئامرازی «ش» بۆ تەئکید ........................................ ٢٢

١٢. جێناوی نیشانەی «ئەم، ئەو، ئەڤ» ........................................ ٢٢

١٣. کێشەی «ە» لە کۆتایی وشەدا ........................................ ٢٣

١٤. "ئە" یان "دە" لە کرداردا ........................................ ٢٥

١٥. "ێک"ی نەناسراوی........................................ ٢٦

١٦. «یی» لە جیات «ییی» (٢ "ی" لە جیات ٣ "ی") ..................... ٢٦
١٧. «یای نیسبەت»............................................. ٢٦
١٨. جێناوی لکاو........................................... ٢٧
١٩. ئیزافەی نادیار ......................................... ٢٧
٢٠. ژمارە ................................................ ٢٨
٢١. وشەی بیانی ........................................... ٢٩
٢٢. پیتی دەرنەبڕاو ......................................... ٢٩
23. ناوی تایبەتیی لێکدراو........................................ ٣٠
24. کێشەی "چ" ........................................... ٣١
**خاڵبەندی ........................................................33**
خاڵ (نقطە)............................................... ٣٤
بۆر (ویرگول، کاما) ........................................ ٣٦
جووتبۆر (دو ویرگول) ...................................... ٤١
خاڵبۆر (نقطە ویرگول)...................................... ٤٣
جووتخاڵ (دو نقطە) ........................................ ٤٦
سێخاڵ (سە نقطە) .......................................... ٤٨
پرسیار (پرسش) ............................................ ٥٠
سەرسوڕمان (تعجب) ........................................ ٥٢
جووت‌کەوان (گیومە)........................................ ٥٣
کۆمای ئاوەژوو (لە سەرەوە) .................................. ٥٧
کەوان (پرانتز) ............................................. ٥٩
کەوانی سەرکووڕ (قلاب)...................................... ٦٢

تەقەڵ یان هێڵ (خط تیره)......................................... ٦٤
هێڵی لار (خط مورب)........................................... ٦٧
جووتهێڵی هاوتەریب (خط موازی)......................................... ٦٩
برۆ (ابرو) ........................................................ ٧٠
هێڵی درێژ (خط بلند) .................................................. ٧١
چەند سەرنجێکی تر لە بەشی نیشانەکاندا ....................................... ٧٢
**دانانی پاوەرەقی ........................................................74**
**پێداچوونەوەی دیوانە کلاسیکەکان...................................77**

داوا لە نووسەرانی بەڕێز دەکەین، ئەوانەی دەیانهەوێت بەرهەمەکانیان لە ڕێگەی چاپەمەنی مانگەوە بڵاو بکەنەوە، پێڕەوی لەم ڕێنووسەی خوارەوە بکەن:

## بەشی پێداچوونەوە

پێداچوونەوە واتە:

1. لابردنی هەڵەی ڕێزمان؛
2. لابردنی هەڵەی بابەتی و وەرگێڕان؛
3. خاڵبەندی، لە شوێنی پێویستدا؛
4. لابردنی هەڵەی ئیملایی؛
5. لابردنی هەڵەی ڕێنووس.

ئێستا هەرکام لەم بەشانە شی دەکەینەوە:

## هەڵەی ڕێزمان

دەبێ دەقێکی کوردی بە پێی ڕێزمانی کوردی نووسرابێ، نەک تێکەڵ بە ڕێزمانی عەرەبی یان فارسی و ...

وەک:

١. کچەکانی ناسکم دی.

دروستە: ئەگەر باسی ژنێک بێ بە ناوی "ناسک" و چەند کچی هەبێ؛

هەڵەیە: ئەگەر کەسێک بیڵێ کە چەندکچی *ناسکی* دیوە. لەم کاتەدا دەبێ بڵێ: کچە ناسکەکانم دی.

٢. لە بەر ئەوەی دەبێ هەستم بە ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لەباربردن.

دروستەکەی: لە بەر ئەوەی دەبێ نەشتەرگەریی لەباربردن بکەم.

٣. بنەماڵەی چەکمەکچیی لووتبەرز. ئەمە داڕشتنێکی عەرەبییانەیە: (صفت + مضاف‌اليه + موصوف). دروستەکەی لە کوردیدا دەبێتە: بنەماڵەی لووتبەرزی چەکمەکچی.

## هەڵەی وەرگێڕان

هەرکات ویراستار هەستی کرد هەڵەیەک لە دەقەکەدا هەیە، دەبێ بە دوایدا بچێت و هەڵەکە ڕاست کاتەوە. وەک:

١. دەمەوێ هەندێکت بخۆم! (ئەمە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوە و تێرمە؛ دروستەکەی دەبێتە: حەک بتخۆم! خەپە گیان بتخۆم!)

2. لە کارەساتی ڕووخانی بورجەکانی ئەمەریکا لە ساڵی 2002دا (... لە ساڵی 2001دا)

3. بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران هەڵکەوتووە. (ڕۆژاوا)

# هەڵەی ئیملایی

زۆر جار خۆمان بە خوێندنەوەی دەقێک تێدەگەین وشەیەک هەڵە نووسراوە و دروستەکەیشی دەزانین؛ بەڵام جاری وایە ڕستەکە هێندە ناسکە، کە لێک هەڵاواردنی واتاکانیان دژوارە؛ بۆ نموونە چاو لەم دێڕەی حەمدی بکەن، کە بە لابردنی چەڵەمەییێک و بۆرێک، دوو واتای جیاوازی هەیە:

١. مەسیحی بی ئەگەر، ئەهلی مەحەببەت دێتە سەر دینت

٢. مەسیحی بێ ئەگەر ئەهلی مەحەببەت، دێتە سەر دینت

لە یەکەمدا مەسیحییەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ نیگار؛ بەڵام لە دووهەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی مەحەببەت. بە خوێندنەوەی دێڕی یەکەمی شێعرەکە، دەزانین خوێندنەوەی یەکەم دروستە: «لە سەر ڕوو، پەرچەمت کردوویەتی تەشریحی ئایینت».

یان:

چ حاجەت بێمە سەر باسی ویسالت چەندە موشتاقم!

دەمی دەشکێ قەڵەم؛ کاغەز ئەمەندە کەی ڕقم دەگرێ؟

بەڵام دیارە «ڕەقەم» دروستە.

# هەڵەی ڕێنووس

هەرچەندە ئێمەی کورد هەتاکوو ئێستاکە لە سەر ڕێنووسێکی یەکگرتوو، یەکمان نەگرتووە، بەڵام ئەم خاڵانە لە ڕێنووسەکەماندا ڕەچاو دەکەین:

## 1. مەودای نێوان وشەکان

**ئەلف. مەودای یەکوشەیی یان مەودای «دەرەوەی وشە»:**

هەر وشەیەک لەگەڵ وشەی پێش و پاش خۆی، مەودایەکی تەواوی هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەو وشەیە تەنیا یەک پیت بێ. ئەم خاڵە بەتایبەت لەو وشانەدا کە ڕادەی پیتەکانیان کەمە، دەبێ ڕەچاو بکرێ؛ وەکوو وشەی «لە، بە، و، کە، بۆ ...»:

بە ئارەزووم کەلەلام بایە یار و من کەلەلام
ئەگەرچی بۆشی بە ئاواتەوەم لەلام بایە

دروستەکەی:

بە ئارەزووم کە لە لام بایە یار و من کەلەلام
ئەگەرچی بۆشی بە ئاواتەوەم لە لام بایە

یان:

لە ئۆردووی سەلم و تووری وەک خەت و خاڵت چ پەروامە!
کە ئەبرۆت پشتیوانم بێ، کە دەس‌پێچم ببێ وەک مووت

**سەرنج**

دەبێ ویراستار، بۆخۆی، وشەناس بێ و مەودای وشەکان دیاری بکات؛ بۆ نموونە چاو لەم دوو ڕستەیە بکەن:

**ئەلف.** چەند کەسیش ناوی ئەندامەتیی حیزبیان لە سەر خۆ دانابوو.

**ب.** پیاوێکی لەسەرخۆ و مرۆڤێکی تێگەیشتوو بوو.

لە ڕستەی ئەلفدا "لە سەر خۆ" سێ وشەیە و دەبێ مەودایان هەبێ، لە ڕستەکەی تردا "لەسەرخۆ" ئاوەڵناوە و دەبێ بە سەر یەکەوە بنووسرێ.

**ب. نیوەمەودا یان مەودای «نێوخۆی وشە»:**

مەودایەکی کورتە لە وشەی لێکدراودا و کارێک دەکا کە پیتێک بە پیتی پێش یان پاش خۆیەوە نەلکێ و لێشی جوێ نەبێتەوە. لەم شێوە نووسینەدا هەم سەربەخۆیی وشە بەشدارەکان دەپارێزرێ و هەم وشەکە لێکدراوەکە هاسانتر دەخوێندرێتەوە:

ئێسک‌وپرووسک؛ شات‌وشووت؛ زاق‌وزووق؛ فاک‌وفیک؛ ماش‌وبرنجی

**سەرنج**

١. لە هێندێک وشەدا پێویست بە دانانی "نیوەمەودا" ناکات (هەربۆیە ناشبێ دابندرێ)، چونکە ئەو وشانە خاسیەتی پیتی کۆتاییان بە چەشنێکە، کە پیتی دیکەیان پێوە نالکێ:

لەرزوتا: ئێستاکە "ز" لەگەڵ "و" نیوەمەودای گەرەک نییە، چونکە هیچ کات هیچ پیتێک لە دوای "ز" پێوەی نالکێ.

گیاوگژ: ئەم وشەیەش بە هەمان شێوە.

| |
|---|
| ٢. هێندێک وشەش هەن لە بەر ئەوەی زۆر دووپات بوونەتەوە و چاوی خوێنەر خووی پێیان گرتووە، پێویست ناکا لێکیان هەڵاوێرین و بە جیا بیاننووسین:<br>ڕێزمان؛ خۆشحاڵ؛ جێژوان |

هێندێک لەو دۆخانەی سەرەوە لە نموونەی شێعریدا دێنینەوە:

**ئەلف.** ئاوەڵناوی لێکدراو:

لە ترسی «لَنْ تَرانِي» «اَرْنِي» ناڵێ قەت کەلیمئاسا

گومیش بێ گەر لە کێوێکی وەکوو سینا دڵی قانیع

ئەگەر نیوەمەودا نەبێ، دەبێ یان بنووسین «کەلیم ئاسا» (واتە جودا لە یەک)، یان «کەلیمئاسا» (واتە بە سەر یەکەوە)، کە هیچ کامێکیان دروست نییە.

یان:

کەسێ پرسی لە حاڵی نیک و بەدیان؛ هاتیفێ فەرمووی:

هوماتینەت، مەلەکسیرەت، بەشەرسوورەت، بەختشوومن

دێری دووهەم، هەرچوار وشەکە نیوەمەودایان هەیە (هەڵبەت پێشتر گوتمان کە هێندێک وشە پێویست بە نیوەمەداش ناکات: هوماتینەت؛ بەشەرسوورەت).

**ب.** «و»ی پێکەوەبەستن:

لە ئەووەڵ دەرسەوە من گوێ لە حەرفی ئەلفوبێ دەگرم

ئەبم فەرمووبە دەستی دڵ بە چاکی بێ و تێ دەگرم

ئەگەر بنووسین «ئەلف و بێ» واتە «پیتی ئەلف» و «پیتی بێ»، بەڵام «ئەلفوبێ» واتە هەموو پیتەکانی ئەلفابێتی زمانێک؛ هەروەک لە دێڕی دووهەمدا «بێ» و «تێ» هاتووە، واتە پیتی «بێ» و پیتی «تێ».

یان:

مەیخەرە دەم دەم، بە خەڵوەت ئەو قسە بۆ گوێت کرا!

با بە هاتوچۆ زمانت ـ دوژمنە ـ نەکرێ خەبیر

**پ**. چاوگی لێکدراو:

ئیتر سەنگەر بەتاڵکردن مەحاڵە

ئیتر کورد و بەزین، خەون و خەیاڵە (هێمن)

**ت**. وشەی دووپاتەوەبوو:

شەوقی پشکۆی ڕوومەتی تەئسیری کردە عوودی زولف

بۆیە کونکون بوو میسالی تاسی مەجمەر ئاسمان (حەمدی)

**سەرنج**

هێندێک کەس وشەی دووپاتەوەبوو بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووس کە لە ڕووی زمانی ئینگلیزییە و بۆ زمانی کوردی نادروستە:

دەستە-دەستە

## ٢. کێشەی «دا»

**ئەلف**. بە واتای «لێدان»: لەگەڵ وشەی پێش و پاش خۆیەوە مەودای هەیە:

سەودای سەری زولفە بە دایم لە سەرمدا
ئیمکانی نییە قەتعی خەیاڵی لە سەرم دا (حەمدی)

مەحەببەت خەنجەرێکی دڵشکافی دا لە شێرۆیە
کە جەرگی خۆی و بەرگی خوسرەویشی پێوە ڕەنگین کرد (حەمدی)

**ب**. ئەگەر پاشگر بوو، بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێت و لەگەڵ وشەی پاش خۆیەوە مەودای هەیە:

خوا بەوەی داوە، لە مەیدانی عەشقدا بۆتە تۆز
گەردی هەڵساوە، دەکا داوێنی خووبان بەقیەدۆز (حەمدی)

**سەرنج**
جاری وایە «دا» کورت دەکرێتەوە و بە شێوەی «ا» دەنووسرێت. وەک:
سێبەرت ئەم عەسرە داری دا بە ڕۆحی عەرعەرا
سەجدەیی شوکری کە پێ برد، کەوت بە سەر تەوقی سەرا (حەمدی)

### ٣. ئامرازی «تر، ترین»

دەچەسپێن بە وشەی پێش خۆیانەوە:

باسی تەشکیلاتی سانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین
کەمترین بوو گەورەتر، هەم گەورەتر بوو کەمترین (حەمدی)

برا، خۆ تۆ لە لای خۆت مەخزەنی عەقڵ و کەماڵاتی
کەچی تا دەوڵەمەنتر بی، فەقیر و سواڵکەر و لاتی (موفتی)

**سەرنج**

«تر» ئەگەر بە واتای «دیکە» بوو، وشەیەکی سەربەخۆیە و بە مەودایەکی تەواو لە دوای وشەی پێش خۆیەوە دەنووسرێ.

وەک:

بانگێکی تر لە غەیبەوە ئێستاکە هاتە گوێم
هێندە زوڵاڵە، دەنگی لە دەنگی بیلال ئەچێ (حەمدی)

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ مەرگ
مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!
گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ، کەچی ڕوانینم:
لە پێشمدایە زەرد و ماه و سەخت و ئەستەمێکی تر (هێمن)

### ٤. کێشەی «و»

"و" لە زمانی کوردیدا هەم بزوێنە و هەم نەبزوێن. "و" بەم شێوانەی خوارەوە دێت:

1. بزوێنی کورت (و): کورد؛ کوڕ؛ کوشت.

2. بزوێنی درێژ (وو): سوور؛ کووڕ؛ دوو؛ چوو.

3. نەبزوێن (و): ئاوایی؛ وریا؛ داو.

**تێبینییەکان:**

**ئەلف**. لە سەرەتای وشەدا بە یەک «و» دەنووسرێت. وەک:

بوو بە قائیمقامی ئەو، ورچێ بە ناوی موستەعار (حەمدی)

گەر وەکوو ئەهلی وڵاتان ساحیبی سەروەت ئەبوون
گۆی هونەریان هەر بە شەق بێشک لە مەیدانا دەبرد (حەمدی)

**ب**. «و»ی بە یەکەوە بەستن (عطف)، لەگەڵ وشەی پێش و پاش خۆیدا مەودایەکی تەواوی هەیە:

کاسەی کەل و وێرانەیی دەروێش و قەلەندەر
بێ فەرقە لەگەڵ جامی جەم و تەختی سکەندەر (حەمدی)

**پ**. لە وشەی لێکدراودا «و» بە نیوەمەودا دەنووسرێت؛ واتە نە بە پیتی پێش خۆیەوە دەلکێت، نە بەتەواوی لێشی جویە:

بە ڕووتیی واعیزا دیارە کە دنیا هاتوچۆیێکە (حەمدی)

بەم شێوازانە نادروستن:

بە ڕووتیی واعیزا دیارە کە دنیا هات وچۆییێکە

بە ڕووتیی واعیزا دیارە کە دنیا هات و چۆییێکە

بە ڕووتیی واعیزا دیارە کە دنیا هاتوچۆییێکە

بە ڕووتیی واعیزا دیارە کە دنیا هاتو چۆییێکە

**ت.** لە شێعری کلاسیکدا جاران لە بەر کێشی شێعرەکە «و»ی پێکەوەبستن بە «وو» دەنووسرا، بەڵام ئێستاکە ئەم ئەرکە کەوتۆتە ئەستۆی خوێنەر و هەر بە «و» دەنووسرێت:

نادروست:

«لوتفێ بە حاڵی من کە»، وتم؛ ئەو وتی بە قار:

تۆ شێخی باخودا وو ئەمن شۆخی ناخودا (مەحوی)

دروست:

«لوتفێ بە حاڵی من کە»، وتم؛ ئەو وتی بە قار:

تۆ شێخی باخودا و ئەمن شۆخی ناخودا (مەحوی)

یان:

ساحەبی خەیمە و سەرا وو شەمعی ئاوێزانە ئەرز (حەمدی)

دروست:

ساحەبی خەیمە و سەرا و شەمعی ئاوێزانە ئەرز (حەمدی)

یان بەم شێوەیە نادروستە:

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم، بە کوردی و فارسی
عارەبی، ئیزهاری چالاکیيو چەسپانی دەکا (نالی)

دروست:

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم، بە کوردی و فارسی
عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا (نالی)

**سەرنج**

«و»ی پێوەندی بە شێوەی «وە» نانووسرێت: من هاتمەوە بۆماڵەوە و ئەو چوو بۆ دووکان (ناڵێین: من هاتمەوە بۆ ماڵەوە وە ئەو ...)

دەشکرێ «و» بقرتێنین و لە جیاتی ئەو، «ش» دانێین: من هاتمەوە بۆ ماڵەوە، ئەویش چوو ... (هەڵبەت لەم شێوەیەدا واتای تەئکید دەگەیێنێ)

### ٥. کێشەی «ڕ»

«ڕ» (ڕای قەڵەو) جیاوازە لەگەڵ «ر» (بەبێ چەڵەمە) و لە هەر شوێنێکی وشەدا بێ: سەرەتا، نێوان، کۆتایی، بە چەڵەمەوە دەنووسرێ؛ مەگەر لە زاراوەی بادینیدا:

عەشقی شیرین، چاکە فەرهادی بە گڕ چەرخا نەکرد
ڕاهڕەو ناکا تەماشا، بێستوون بێ کێوی قاف (حەمدی)

### ٦. کێشەی نووسین/نەنووسینی «ت» لە کۆتایی کردارەکاندا

پیتی «ت» لە کۆتایی کردار (فرمان)دا دەشێ بنووسرێت و دەشێ نەنووسرێت؛ وەک:

تـۆ خودا بادی سەبا! بـــەو نـــازەنینە تـۆ بڵێ:
بەس ڕەقیب تەلتیف بکات و دەردی دڵ کاری بکا! (ئەحمەد موختار جاف)

بۆ شکانی دڵ دەلیلی کافییە فرمێسکی خوێن
نارڕژێ مەی گەر لە باخەڵ دانرێ مینای ساغ (حەمدی)

### ٧. کێشەی «بە»

**ئەلف**. کاتێک وشەیەکی سەربەخۆیە، دەبێ بە جیا بنووسرێ. وەک:

بە لەیلا بۆ دەڵێن مەجنوون کە مرد، دێوانەیێ کەمتر!

لە دارولعیشقی دنیادا، بڵێن فەرزانەیێ کەمتر (حەمدی)

**ب**. بەڵام ئەگەر لەگەڵ وشەی دوای خۆی، ئاوەڵناوێکی دروست کرد، پێیەوە دەلکێ:

تازە بەربوونی مەحاڵە تا نەدا یەکجاری گیانی

سوحبەتی پێ ناکرێ پەنجەی بەهێزی ئەو دووانە (هێمن)

### ٨. کێشەی «لە»

لە هەموو شوێنێک لە وشەی پێش و پاش خۆیەوە جوێیە، بێجگە لەم شوێنانە:

**ئەلف**. وشەی وەک «لێرە، لەوێ، لەمڕۆ، لەمساڵ و ...» کە لە بنەڕەتدا «لە ئەوێ» و «لە ئێرە» بوون.

لێرەش لە نێو شۆڕشی خوێناویدا

لێرەش لە سەرکەوتن و تەنگاویدا

لێرەش لە نێو زەبر و زەنگی زاڵمدا

لە نێو ساچمە و دووکەڵی ناپاڵمدا (هێمن)

چاو لەم نموونانەش بکەن:

لە گوڵزارێ ورینگەی بلبلی سەرمەست و شەیدا دێ
بەڵام نایە جریوێکیش لە هێلانەی بەتاڵی من
گوتت: «بۆت دێمە جێژوانێ»؛ هەزار سوێندت بە شاڵم خوارد
لە ئاهی ئاشقانەی من بترسە، نەک لە شاڵی من (هێمن)

**ب.** لەناکاو، لەپڕ:

لەپڕ جووڵاوە خەڵک و تێکی ڕووخاند
بناخەی کۆشکی ئیستیبدادی یارۆ (هێمن)

لـــەناکاو پیریم لـــێ وەدەرکـــەوت
بەختیش هەر وەک خۆم هات و لێی خەوت (ئاوات)

کێ دی وەها لەپڕ گوڵی هیوا بپشکوێ؟
نەورۆز و ڕۆژی خۆشیی گەلی کورد وەدەرکەوێ (ئاوات)

## ٩. کێشەی «وە، ەوە، دا، ڕا»

ئەم پاشگرانە بە پیتی کۆتایی وشەی پێش خۆیانەوە دەلکێن:

**دا** (پێشتریش باسمان کرد):

سێبەر شۆڕ ببوون، ئێوارە داهات
ئاخ! لە خۆشیدا زوو ڕادەکا کات (هێمن)

**وە:**

ئەترسم ڕاحەتت لێ تێک بدەن ئەڕواحی عوششاقت
کە شەو بەو شەوقەوە غافڵ لە گەردش نین بە سەر جێتا

**ڕا:**

هەر بەڵایەک لە ئاسمانەوە بێ
با لەوێشڕا نەهاتبێ بۆ من
کە گەیشتە زەوی، دەکا پرسیار
ئەرێ لە کوێیە ماڵی مام هێمن؟ (هێمن)

### ١٠. کێشەی پێشگرەکان (بۆ نموونە «هەڵ، دا، ڕا، وەر، دەر)

هەروەک لە بەشی ڕێزماندا باسمان کرد، لە هەموو دۆخەکاندا (چاوگ، کردار و ...) بە پیتی یەکەمی وشەی دوای خۆیانەوە دەلکێن:

چاوگ:

کە عەشقت کەوتە تەنویراتی دڵ، عەقڵم لە سەر دەرچوو
بەڵێ، دووکەڵ بە هەڵگیرسانی کوورە وا لە دەرچوونا (حەمدی)

کردار:

لە ملیا ـ بەختی من ڕەش بوو ـ بە دەوری خاڵیا ئاڵا
لە مل دەستی کە هەڵگرت زولف، بە لێوی ئاڵیا ئاڵا (حەمدی)
خاڵی سەر کوڵمت بە دەم بێنە هەڵیبگرم دەخیل
نەک لە مەعنادا بگۆڕێ مەتنەکەی، نوقتەی غەڵەت (حەمدی)

## ١١. ئامرازی «ش» بۆ تەئكید

کەوتە هەر شوێنێکی وشەوە، دەبێت بە بەشێک لە وشەکە و پێیەوە دەلکێ:

تیغی بێمەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە
جەرگی لەت کردم بەجارێک، ئەنجنیویە سینەشم (هێمن)

## ١٢. جێناوی نیشانەی «ئەم، ئەو، ئەڤ»

ئەگەر ئاوەڵکرداری «کات» یان «شوێن»یان بە دوادا هات، پێیانەوە دەلکێن و دەبن بە یەک وشە:

ئەویش ئەوساڵ کە لایێکی نەجاتی بوو لە ژێر دەستان
لە خۆشی ئەم وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزاردەستان (هێمن)

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر!
کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر (هێمن)

ئێمە ئەمشەو هەرچی بێ دەیکەین بە ئەییامی فەرەح
با بەعیدیش بێ جەژن، دەیکەین موحەققەق هەر بە عید (حەمدی)

لە غوڕابی خەوێدای، دوژمنت بێدارە کوردە گیان
هەڵستە لەم خەوە، ئیمڕۆکە جەنگەی کارە کوردە گیان (هێمن)
«نوکەریی بێگانە ناکەم» هاتە جێ فەرمایشی خۆم
وا لە برسان و لە بەر بێبەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵاتم (هێمن)

بەڵام لە وشەی دیکەدا بە جیا دەنووسرێ:

بە دڵتەنگی لە خەندەی ئەو دەمە وا دیارە ناکا حەز

لە شەککەر میسلی تووتی ئەو کەوی کۆسارە ناکا حەز (حەمدی)

**سەرنج**

لە هێندێک شوێندا جێناوی نیشانە و ئاوەڵکرداری کات یان شوێن بە جوێ دەنووسرێن، کە ئەویش دەبێ لە ڕووی واتای ڕستەکەوە دیاری بکەین:

نیهایەت ئەم شەوی دەیجوورە وەخت و ساعەتی ماوە

یان:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

## ١٣. کێشەی «ە» لە کۆتایی وشەدا

وەک دەزانین "ە" هەم پیتێکی نەبزوێنە و هەم پیتێکی بزوێن. ئەگەر "ە" وەک پیتێکی نەبزوێن لە کۆتایی وشەیەکەوە هات بە دوو شێوە دەنووسرێت:

**١. "ھ"**

**ئەلف.** هەرکات بکەوێتە دوای بزوێنی «ە»وە:

مەھ ئەگەر مەیلی نەزیرەی ڕوومەت و ئەبرۆت نییە

ئەم کەماڵ و نەقسە بۆ چی؟ یا بەدر بێ یا هیلال! (حەمدی)

موددەتێکە چاو دەگێڕێ گەھ لە خوار و گەھ لە ژوور

بەھبەھ چ ڕۆژێکی نەوە!

**ب.** هەرکات "ە" کەوتە کۆتایی وشەیەک کە هەڵەی خوێندنەوە دروست بکات:

فیقە: جیقە، فیکە

فیقه: زانستێکی ئیسلامییە

دەست بە دەست چوو، تا گەیشتە دەستی عەتتاری سەفیه (سەفیه: نەزان)

سەفیە: ناوە بۆ ژنان

یان وەک وشەیەکی بێواتا بنوێنێ:

شتێکە بێ شەبیه و جینس و فەسڵ و کەشف و تەقریرە (شەبیه: هاوتا)

شەبیە: وشەیەکی بێواتایە

**٢. "ە"**

لە شوێنی دیکەدا پێویست ناکات لە کۆتایی وشەکەدا بە شێوەی "ه" بنووسرێت، چونکە هیچ کام لەو دوو سەرلێشێوانەی سەرەوە دروست ناکات:

لە پێشمدایە زەرد و ماه و ئەستەمێکی تر

دروست: ماە

خەجاڵەت بووم لە ئاقاری گوناه، ئالوودەیی من بوو

دروست: گوناە

سەهم و نەسیبی ئەسڵییە، بەحسی گیاه و گڵ نییە

دروست: گیاە

**سەرنج:** بۆ نووسینی ئەم پیتە بەم شێوەیە، دەبێ لە پێشدا "ە" بنووسن، دوایە لەم ئادرەسەی کە لە وێنەی خوارەوەدا هەیە، پیتەکە درێژ بکەنەوە:

Insert → symbol




ئەگەر لە تەختەکلیلی سازکراوی بەندە کەڵک وەردەگرن (کە بە ناوی شاسەنەم بڵاو بۆتەوە)، بۆ درێژکردنەوەی پیتی "ە" دەتوانن کەڵک لە دوو کلیلی «شیف + پ» وەرگرن.

## ١٤. "ئە" یان "دە" لە کرداردا

لە کرداردا لە جیاتی "ئە" دەنووسین "دە"، مەگەر لە شێعری کلاسیکدا، یان لە بابەتی وەک ڕێزماندا، یان لە چیرۆک و ڕۆمانێکدا کە نووسەر دەیهەوێ شێوەزاری قسەکەر نیشان بدات:

ئەولباقی گوتی: «ئێوارێیەک وەڕێ بووم بۆ قۆزڵوو و قەرەبیناکەم لە جیب نابوو. دیم تارمایی بۆ لام دێ و لە جەندەرمە ئەچێ، لە دڵا وتم کورە کەچەڵ، ماڵت برمێ!»

(قازی، ڕەحیم. پێشمەرگە. هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٨)

وەختێ ئەکەم نوێژی سبەینێ کە ڕۆژی ڕووت

هەڵبێ؛ قەزایەکە کە ڕەواجی ئەدا ئەدا (حەمدی)

### ١٥. "ێک"ی نەناسراوی

زۆر جار "ێک" کە بۆ نەناسراوی بەکار دێت، بەبێ "ک" دەنووسرێت یان دەگوترێت. بێجگە لە شێعر، یان لە شوێنێک کە بۆ نموونە دەهێندرێتەوە، وا باشترە بە "ێک" بنووسرێت:

عەرزی بکەن مەعاسی مەحزم من و ئەویش
ئەلتافی مەحزە، دیارە چ حوکمێ بدا بدا (حەمدی)

### ١٦. «یی» لە جیات «ییی» (٢ "ی" لە جیات ٣ "ی")

هێندێک وشە بە دوو "ی" کۆتایی پێ دێت، کە لە کاتی ئیزافەکردن لەگەڵ وشەیەکی تردا دەبنە ٣ "ی". لەم شوێنانەدا هەر بە ٢ "ی" دەنووسرێت:

ئاوایی + ترکاشە ← ئاوایی ترکاشە (نانووسین: ئاواییی ترکاشە)

لە کۆتاییەکانی ئەم سەدەیەدا (نانووسین: لە کۆتاییییەکانی ...)

تووڕەیی خەڵکی کە دی، وا کلکی گرتە ناو گەڵۆز
دوژمنی خوێڕی، وەکوو ڕێوی لە ترسی داری کورد (هێمن)

### ١٧. «یای نیسبەت»

نیسبەت (وەپاڵدان) لە کوردیدا زۆربەی جار بە هۆی پیتی "ی" لە کۆتایی ناودا دەکرێت:

پێنجوێن: پێنجوێنی؛ بۆکان: بۆکانی؛ ئەحمەدئاوا: ئەحمەدئاوایی؛ ترکاشە: ترکاشەیی

**سەرنج**

ئەو ناوانەی خۆیان بە پیتی "ی" تەواو دەبن، پێویست ناکا "یای نیسبەت"یان بخرێتە پاڵ:

سلێمانی: کامەران سلێمانی؛ ئامێدی: ئازاد ئامێدی

## ١٨. جێناوی لکاو

ئەگەر جێناوی لکاو (ضمیر پیوستە)، کەوتە نێوان پێشگری سادە و کردارەکەی دوای خۆیەوە، بە یەکەوە دەنووسرێن:

هەڵ: هەڵمگرن؛ هەڵیانکەن؛ هەڵمانکێشن؛ هەڵمانمەواسن؛

دا: دامانننا؛ دایانخەن؛ دایبرە؛

ڕا: ڕایاندەگرین؛ ڕامکێشە؛ ڕامپەڕێنە؛ ڕاشیناپەڕێنن؛

وەر: وەرمانگرتایە؛ وەرینەگرت؛ وەریانسووڕێنە.

**سەرنج**

بۆ کردارەکانی دیکە سەیری بەشی کرداری دارێژاو و لێکدراو بکەن.

## ١٩. ئیزافەی نادیار

ئیزافەی نادیار چەشنێک ئیزافەیە کە بەبێ «ی» دێت و لە هێندێک وشەی وەک: "خاوەن"، "ساحێب/ساحەب" و هی تردا هەیە. ئەم چەشنە وشانەش بە نیوەمەودا لەگەڵ وشەی دوای خۆیانەوە دەنووسرێن:

تەشەببوس کا بە سەگ بۆ دەفعی گورگان، حەقیە خاوەنمەڕ
خاوەنمەڕ واتە خاوەنی مەڕ

شەخسی ساحێبنیعمەتە مەعرووزی فیتنەی ڕۆزگار
ساحێبنیعمەت واتە ساحێبی نیعمەت

ئەم چەشنە وشانە بە شێوەی "ئیزافەی دیار"یش دێن؛ واتە "یای ئیزافە" دەگرن:
ئاسمان و مانگ و ڕۆژ و ئەنجومی دی، تێگەییم
ساحەبی خەیمە و سەرا و شەمعی ئاویزانە ئەرز (حەمدی)

لەبار و قیتوقۆزە خاوەنی زێڕ (هێمن)

### ٢٠. ژمارە

چاو لەم دوو ڕستەیە بکەن:
تا ١٠ شەو نایێمەوە. (دە شەو: لێرەدا ماوەیەکی دە شەوی نیشان دەدا.)
تا ١٠ی شەو نایێمەوە. (دەی شەو: لێرەدا کاتژمێر نیشان دەدا.)
هەرکات ژمارە، بە پیت نەنووسرا، دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا چۆن دەخوێندرێتەوە (واتە دوای ژمارەکە چ شتێکی لێ زیاد دەبێ)، لە نووسیندا هەر بەو شێوەیە بنووسرێ. لەو دوو ڕستەی سەرەوەدا بە هاتن و نەهاتنی "ی"، دوو مانای زۆر جیاواز دروست بوو.

### ٢١. وشەی بیانی

هەر وشەیەکی بیانی هاتە نێو زمانی کوردییەوە، بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێت:

ارض: ئەرز؛ عثمان صبری: عوسمان سەبری؛ حبیب الله: حەبیبوڵڵا.

**سەرنج**

هەرکات خوێندنەوەی وشەکە ناخۆش بوو، یان ناوی کەس یان شوێنێک بوو، یان ئەگەری سەرلێشێوانی خوێنەری تێدا بوو، دەکرێ لە پاوەرەقیدا ناوەکە بە شێوەی بیانیش بنووسرێتەوە:

موحەممەد، ئەحمەدی مورسەل، مونیری مینبەر و مەحفەل

بەشیری ئاخیر و ئەووەل، نەزیری خوێش و بێگانە (نالی)

نەزیر (نذیر): تۆقێنەر، ئاگادارکەرەوە

شەبیهی زولف و خاڵ و ڕوومەتە سەفحەی مجەوهەر خەت

نەزیری سەروی قامەتیە بە ڕەعنایی، موشەججەر خەت (نالی)

نەزیر (نظیر): هاوتا، هاوشێوە

یان:

ئەساس (اساس: بناغە، پایە)

ئەساس (اثاث: کەلوپەلی ماڵێ)

### ٢٢. پیتی دەرنەبڕاو

لە زمانی فارسی و عەرەبیدا هێندێک جار لە برێک وشەدا پیت یان پیتگەلێک هەن کە ناخوێندرێنەوە؛ ئەم پیتانە لەو زمانانەدا دەنووسرێن بەڵام لە زمانی کوردیدا نانووسرێن:

فارسی: قوم و خویش (دەخوێندرێتەوە: خیش)

عەرەبی: خَلَقَ السَّماواتِ (دەخوێندرێتەوە: خَلَقَسَّماواتِ)

لە کوردیدا وشەی وامان نییە کە پیتێکی تێدابێ بنووسرێ بەڵام نەخوێندرێتەوە؛ لە کوردیدا وشە بە هەر شێوەیەک بخوێندرێتەوە، هەر بەو شێوەیە دەنووسرێ و بە هەر شێوەیەک بنووسرێ، هەر بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە؛ واتە خوێندنەوە و نووسینی وشە یەکدەستە.

خۆشە سەر شانم بە باری زەحمەتی دنیا بێ ڕێش
تا قیامەت، نەک بە باری مینەتی نامەرد و خوێش (حەمدی)

بـــۆتە دەستووروڵـــعەمەل ئـــەم قـــافیانە بـــۆ جیهان
ڕێش و خێش و نێش و ئێش، مێش و پێش و کێشەکێش

قەوم و خێشم بەجێ هێشت / لە دەشتی شارویرانی
وەدوای یارێ دەکەوم/ نەکێشم پەشیمانی (حەسەن زیرەک)

### 23. ناوی تایبەتیی لێکدراو

ئەگەر ناوێک لە دوو بەش پێک هاتبوو، یان بەبێ مەودا یان بە نیوەمەودا دەنووسرێ؛ بۆ ئەوەی خوێنەر وا بیر نەکاتەوە کە ئەمە ناوی دوو کەسە:

محەمەدئەمین (بەبێ مەودا: لە بەر تایبەتمەندیی پێوەنەلکانی پیتی "د")

حەسەنعەلی (بە نیوەمەودا: لە بەر تایبەتمەندیی پێوەلکانی پیتی "ن")

محەمەدئەمین شامحەمەدی (ناوی چیرۆکنووسێکی کوردە و لە بۆکان دەژی؛ هەردوو ناوەکە بۆ یەک کەسە و لە دوو بەش پێک هاتووە؛ ناڵێین "محەمەد_ئەمین"؛ واتە لە بەینی دوو بەشەکەدا مەودا دانادرێت.)

### 24. کێشەی "چ"

"چ" چەندین واتای هەیە و لە هەموویاندا وشەیەکی سەربەخۆیە و هەموو کات لەگەڵ وشەی پاش و پێش خۆیەوە مەودای هەیە:

1. لە جێگەی "یان" دێت: چ بخوازی، چ نەخوازی؛
2. چەند: چ خۆشە ئازادی!؛
3. بۆ پرسیار: چ دەڵێی؟؛
4. هیچ: چ کتێبێکم نەکڕی؛
5. وشەی حاشا، بە واتا "نە": تۆ دەچی بۆ شار؟ چ.

**سەرنج**

تەنیا لە هێندێک زاراوەی کوردیدا لە جیاتی "ش" (بۆ تەئکید) لە کۆتایی وشەدا دێت و پێیەوە دەلکێ: منیچ: منیش

تکایە لەم شێعرانەی خوارەوەدا خۆتان واتای "چ" ببیننەوە:

چ خۆشە عیشق و سەرمەستی، چ خۆشە!
چ خۆشە ژین بە سەربەستی، چ خۆشە!
چ تاڵە کۆیلەتی و دیلی، چ تاڵە!
بە کەم بێ ژینی وا پڕ ئاە و ناڵە! (هێمن)

هەموو عەمری ئەبەد تێیدا نییە خۆشیی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو، فێری شەرابی با؟ (هێمن)

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ‌ئەسەر
جا چ نەی بیکا، چ پیاوی دەربەدەر (هێمن)

# خاڵبەندی

لە هەر زمانێکدا هێندێک نیشانە هەیە کە خوێنەرەکانی، بۆ دروستخوێندنەوەی دەقێک کەڵکیان لێ وەردەگرن؛ بۆ نموونە سەیرێکی ئەم ڕستەیە بکەن:

بۆچی تانیۆس دوای چوونەدەر لە گوندێ لەگەڵ کابرای چەرچی گەڕابۆوە تا لە سەر ئەو گاشەبەردە دانیشێ؟

دەتوانین ئەم ڕستەیە بە دوو شێوە بیخوێنینەوە بە دوو واتای جیاوازەوە:

١. بۆچی تانیۆس دوای چوونەدەر لە گوندێ لەگەڵ کابرای چەرچی، گەڕابۆوە تا لە سەر ئەو گاشەبەردە دانیشێ؟

لەم خوێندنەوەیەدا، تانیۆس و کابرای چەرچی، هەردووکیان پێکەوە چوونەتە دەرێ و تانیۆس بە تەنیا گەڕاوەتەوە.

٢. بۆچی تانیۆس دوای چوونەدەر لە گوندێ، لەگەڵ کابرای چەرچی گەڕابۆوە تا لە سەر ئەو گاشەبەردە دانیشێ؟

لەم خوێندنەوەیەدا، تانیۆس بە تەنیا لە گوند چۆتە دەرێ و کابرای چەرچی لەوسەرڕا لەگەڵی هاتۆتەوە.

بە پێی ڕۆمانەکە خوێندنەوەی یەکەم دروستە.

## گرنگترین نیشانەکان:

**خاڵ (نقطه)** شکڵ: .

بۆ ڕاوەستانی تەواوە و لەم شوێنانەدا دێت:

**١.** لە کۆتاییی هەموو ڕستەیەکدا، جگە لە پرسیار و سەرسوڕمان. وەک:

نەورۆز یەکەم مانگی کوردییە.

دوێنێ نامەکەم نووسی.

**سەرنج:** ڕەنگە کرداری نێو ڕستەکە، لابرابێت: چ خواری گورگ، چ خواری سوار.

**٢.** لە دوای کورتەوەڵامەکان:

لێم پرسی: «چووی بۆ کتێبخانە؟» گوتی: «بەڵێ.»

**٣.** لە دوای نیشانە کورتکراوەکان. وەک:

ع. ش. هەژار (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)

پێغەمبەر (د.خ.) (درووودی خودای لە سەر بێ)

ساڵی ١٣٥٧ی ک.هـ. چووم بۆ بۆکان. (کۆچی هەتاوی)

**سەرنج**

**ئەلف.** ئەگەر نیشانەی کورتکراوە دوو یان چەند پیت بوون، پێویست بە دانانی خاڵ ناکات: بی‌بی‌سی؛ بەڵام ئەگەر یەک پیت بوو، دانانی خاڵ پێویستە.

**ب.** لە هێندێک نیشانەی کورتکراوەی بەناوبانگدا پێویست بە دانانی خاڵ ناکات: ناتۆ.

**٤.** لە دوای گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ یان ڕستەی پرسیاریی ناڕاستەوخۆدا:

لە هاوڕێکەمم پرسی چەند ڕۆژ دەچێ بۆ گەڕان.

**٥.** دوای ژمارە یان پیتی کوردی و لاتین بۆ جوێ‌کردنەوەی بابەتەکان لە یەکتر. وەک:

| | | |
|---|---|---|
| ١. | ئەلف. | A. |
| ٢. | ب. | B. |
| ٣. | پ. | C. |

**سەرنج**

لەم شوێنانەدا دانانی خاڵ پێویست نییە:

1. لە دوای ڕوون‌کردنەوەی پاوەرەقیی یەک‌وشەیی:

1. پێداچوونەوە

ئەگەر پاوەرەقی بە شێوەی ڕستە بوو، لە کۆتایی ڕستەکەدا خاڵ دادەندرێت.

2. شرۆڤەی وێنە، ژێرنووسی خشتەکان، ئەگەر ڕستە نەبوون:

وێنەی 1: عەزیز خانی سەردار لە تەمەنی لاویدا

3. سەردێڕی کتێب، وتار، هەواڵ؛ تەنانەت ئەگەر ڕستەیەکی تەواویش بێ:

زیندووم بۆ ئەوەی بگێڕمەوە

4. ڕستەیەک کە بە دوای ئەودا «و» (واوی پێوەندی) دێت.

## شێوەی نووسین

خاڵ دەبێت بلکێنرێت بە وشەی پێش خۆیەوە و بۆشایی هەبێت لەگەڵ وشەکەی دوای خۆیدا.

**بۆر (ویرگول، کاما)** شکڵ: ،

بۆر نیشانەی پشوویەکی کورتە و نیشان دەدا کە بەشەکانی ئەملا و ئەولای ڕستەکە پێوەندییان پێکەوە هەیە. بۆر، چارەسەرێکی باشە بۆ ڕستەی دوور و درێژی پشووبڕ.

بۆر لەم شوێنانە دادەنرێت:

**١.** لە نێوان دوو ڕستەی مەرج و وەڵامەکەیدا، یان لە نێوان ڕستەی پایە و پەیڕەودا:

دز و ماڵخۆ ئەگەر یەک بن، گا لە کولانەوە سەر ئەخەن.

لەو گوندەی من لێی لە دایک بووم، گاشەبەردەکان ناویان هەیە.

**٢.** بۆ پێوەندیی وشەکان، ڕستەکان و دەستەواژەکان (لەم شوێنانەدا پێش دوایین وشە، واوی پێوەندی دێت):

ئەو شتانەی پێویستمانن ئەمانەن: خوێ، برنج، پیواز، هێلکە و ڕۆن.

ڕاپەڕینی کوڕی جانپۆلا، کارەساتی قەڵای دمدم، کوشتاری موکرییەکان و زۆر کارەساتی دیکە لە سەردەمی سەفەوییەدا ڕوویان داوە.

**سەرنج:** لە دوو شوێن، بۆر داناندرێت، مەگەر زۆر پێویست بێ:

١. دوای «واوی پێوەندی» ـ کە دەبێتە هۆی پێوەندیی دوو بەشی کۆتایی (نموونەی ئەلف) ـ

٢. دوای بەشی کۆتایی (نموونەی ب):

ئەلف: کابان و تابان، سروە و شادی و خەزاڵ و کەژاڵ پێکەوە خوشکن.

ب: پەرەئەستاندنی زوڵم و زۆر، نەداری و هەژاریی خەڵک، تێکەولێکەی بارودۆخ و سەرهەڵدانی ناپاکیی ئەخلاقی، سەردەمی عوبەیدی پڕ کردبوو لە ناهومێدی و ڕۆژەڕەشی.

**٣.** لە دوای قەیدەکان لە سەرەتای ڕستەدا:

دواجار، ئەم شاعیرە بە نووسینی ڕۆمانێک خۆی لە دنیای شێعر جویێ کردەوە و وەکوو ڕۆماننووسیش ناوبانگی دەرکرد.

بە واتایەکی تر، کتێبی منداڵان لە ئێستاکەدا سەرنجی منداڵان بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ.

**٤.** هەرشوێنێک خوێنەر بخاتە گومان و دوودڵییەوە کە ڕستەکە بە دوو واتا تێبگات. بۆ نموونە:

> عەلائەدین سەجادی لە "گەشتێک لە کوردستانا"دا ئەڵێ: «... لە پاش وەرگرتنی ئەم ئاگادارییانە لەگەڵ مفتی بە ئۆتۆمبێل هاتینەوە بۆ سۆلاف».

ئەم ڕستەیە بە دوو شێوە دەتوانێ بۆر وەرگرێ و دوو واتای جیاوازی هەبێ:

ئەلف. «... لە پاش وەرگرتنی ئەم ئاگادارییانە، لەگەڵ مفتی بە ئۆتۆمبێل هاتینەوە بۆ سۆلاف.»

واتە عەلائەدین بە تەنیا ئەم ئاگادارییانەی وەرگرتووە، و وێڕای مفتی هاتوونەتەوە بۆ سۆلاف؛ هەروەک لە کتێبەکەشدا وایە.

ب. «... لە پاش وەرگرتنی ئەم ئاگادارییانە لەگەڵ مفتی، بە ئۆتۆمبێل هاتینەوە بۆ سۆلاف.»

عەلائەدین و موفتی پێکەوە ئەم ئاگادارییانەیان وەرگرتووە و پێکیشەوە هاتوونەتەوە بۆ سۆلاف. بە خوێندنەوەی کتێبەکە بۆمان دەردەکەوێ کە سەجادی بەتەنیا ئاگادارییەکانی وەرگرتووە و دوایە لەگەڵ مفتی هاتوونەتەوە بۆ سۆلاڤ.

یان بڕواننە ئەم شێعرەی مەحوی:

لە دووریی ئەو، کوڕە فرسەتتە با زوو بمری ئەی «مەحوی»!
مەبادا بێتەوە بۆ کوشتنی تۆ ڕەنجە کا بازوو

لێرەدا گراوەکەی مەحوی دەبێتە ئافرەتێک و وشەی «کوڕە» بۆ دنەدان و هاندانە.

بەڵام ئەگەر شوێنی بۆر بگۆڕین، گراوەکە لە کچەوە دەبێتە کوڕ؛ هەربۆیە خوێنەر سەری لێ دەشێوێ، چونکە لە زۆر شێعری شاعیرانی فارس و جارجارەش کورددا گراوی کوڕ (نێر) هەبووە:

لە دووریی ئەو کوڕە، فرسەتتە با زوو بمری ئەی «مەحوی»!
مەبادا بێتەوە بۆ کوشتنی تۆ ڕەنجە کا بازوو

**٥.** کاتێک دوو وشەی لەیەکچوو بە دوای یەکدا بێن، بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی هەڵە خوێندنەوە نەبێت، لە نێوان دوو وشە لەیەکچووەکەدا بۆر دادەندرێت:

ئەم شەڕە، شەڕە بەناوبانگەکەی دەربەندی بازیانە.

**٦.** بۆ جیاکردنەوەی ژمارەکان، ناونیشانی شوێنێک یان زانیارییەکانی کتێبناسییەک. وەک:

**ناونیشان:**

بۆکان، بولواری مامۆستا هەژار، شەقامی زەیتوون، کۆڵانی سرووشی ١٥، ماڵی هەژار.

**ژمارە:**

عەلائەدین سەجادی لە بەرگەکانی ١، ٣، ٤، ٦ و ٨ی ڕشتەی مرواریدا هێندێک پەند و مەسەلی کوردی یادداشت کردووە.

> **سەرنج**
>
> لەم جۆرە شوێنانەدا ژمارەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێن و لە دوایین ژمارەدا لە جیاتی بۆر، «و» دادەندرێت.

ساڵی ١٣٩٦، ٢٥٠٠٠٠٠ کەس لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارییان کرد.

**کتێبناسی:**

سەجادی، عەلائەدین. *گەشتێک لە کوردستانا*. بانە: مانگ، ١٣٩٧.

> **سەرنج**
>
> لەم شوێنانەدا هەرگیز کەڵک لە بۆر وەرمەگرن:
>
> ١. لە شێعردا ئەگەر وشەکان بە «واوی پێوەندی» پێکەوە هاتبێتن، لە بەر تێکچوونی کێشی شێعرەکە:
>
> ببینێ هەر کەسێ برژانگ و ئەبرۆ و چاوی مەستی تۆ
> ئەڵێ خوێنڕێژە ئەم مەستە، بە ئیستیدلالی هەر سێتا (حەمدی)
>
> وەک محەک، سەنگی فەلاکەت تەجرەبەی عالەم دەکا
> کەڵکی بۆ کەس نەبووە باب و قەوم و ئەولاد و برا (حەمدی)

| |
|---|
| ٢. پێش «و»، «یا»، «کە وایە»، «دوایە» و وشەی پێوەندی و کردار؛<br>٣. دوای «کە»، «ئەگەر» |

**٧.** لە پێش ئامرازی لێکدەری «نە ... نە»، «یان»:

نە تۆ هاتبووی بۆ کۆبوونەوەکە، نە ئاراسی هاوڕێت.

یان بچۆ ئەو شتانەم بۆ بکرە، یان خەریکی دەرسەکانت بە.

**٨.** بە دوای ئەو جۆرە وشانەدا دێت کە گوتە یان ڕستە دەست پێدەکرێت، بۆ ئەوەی زۆرتر دەربکەون. وەک: «بەڵێ»، «نا»، «نەخێر»، «باشە»، «وایە» و هی تریش.

بەڵێ، نامەکەم نارد.

نا، لەو کاتەدا ناتوانم بەشدار بم.

**٩.** دەتوانرێ لە بری «کە»ی لێکدەر لە ڕستەدا بەکار بهێنرێت. وەک:

سوپاست دەکەم، سەرت لێ دام.

| |
|---|
| **سەرنج:** بۆر دەبێ بلکێنرێ بە وشەکەی پێش خۆیەوە و مەودای هەبێ لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا. |

**جووتبۆر (دو ویرگول)** شکڵ: ، ...،

**١.** لە سەرەتا و کۆتایی ئەو جۆرە وشە و دەستەواژانەدا دێ، کە وەک تێهەڵکێشێکی گوتەبڕین بەکار دەهێنرێن؛ بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی سەرەکی نین. وەک:

تۆ، وەک بزانم، بەڵێنەکەت لە بیر چۆتەوە.

ئەم کتێبە، قسەکەشت پێ دەبڕم، زۆر کۆنە.

ئێستا، بۆ نموونە، بڕوانە ئەم شێعرە!

**٢.** لە سەرەتا و کۆتایی ئەو ڕستە یا دەستەواژانەی کە بە شێوەی ئاوەڵناو، بەدەل، ڕستەی ڕوونکەرەوە، شیکەرەوە، دۆعایی یان گوتەبڕ دێن:

پادشای سەفەوی، شاعەباس، بەرەو قەڵای دمدم لەشکری هێنا. (بەدەل)

مامۆستا هەژار، گۆڕی پڕ بێ لە نوور، زۆر کتێبی بەنرخی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد. (ڕستەی دۆعایی)

حکوومەتی عوسمانی، کە لەو کاتەدا زۆر تەنگەتاو ببوو، ئۆردوویەکی لە قۆماندای سەدرولئەعزەم و سەردار عوسمان پاشادا ناردە سەر ئێران. (ڕستەی ڕوونکەرەوە)

**سەرنج**

ئەگەر ڕستەی بەدەلی و گوتەبڕ دوور و درێژ بوو، یان لە ڕستەی گوتەبڕدا «بۆر» هەبوو، وا باشترە لە تەقەڵ کەڵک وەربگرین:

مامۆستا هێمن ـ بەڕێوەبەری گۆڤاری بەناوبانگی سروە و شاعیری ئازادیخواز و لایەنگری خەڵکی ئاسایی ـ لە نێو خەڵکدا و بۆ خەڵک ژیا.

| |
|---|
| ئێمە دەزانین کە بوونی کاک محەمەد ـ هەڵبەت، ئەگەر بێت ـ دەورێکی گرینگی لە بڕیارەکانماندا هەیە. |

**٣.** تەنیا یەک وشەی دەورگیراو قسەکە ببڕێت و واتای ڕستەکە بپچڕێنێت. وەک:

کچەکەت، نازێ، شێتی کردووم.

**خاڵبۆر (نقطه ویرگول)** شکڵ: ؛

بۆ ڕاوەستانێکی زۆرتر لە بۆر و کەمتر لە خاڵە. لەم نیشانەیە زۆر کەم کەڵک وەردەگیردرێ. شوێنەکانی کەڵکوەرگرتن لەم نیشانەیە بریتین لە:

١. لە کاتی ژماردن و دابەشکردنی بەشە جیاواز بەڵام پێوەندیدارەکان بە حوکمێکی گشتی بە شێوەی لیست، ڕیزبەندی، ژمارەبەندی یان بەبێ ژمارە و دوابەدوای یەکتر:
لە سەردەمی سەفەوییەدا کورد ئەم کارەساتانەی بە سەردا هات: ڕاپەڕینی کوڕی جانپۆڵا؛ کارەساتی قەڵای دمدم؛ کوشتاری موکرییەکان و کوژرانی سەرۆکەکانیان.

ئێمە لە بەشی پێداچوونەوەدا ئەم ئامانجانمان گرتۆتە بەر:
ئەلف. وشەکان بە شێوەیەکی دروست بنووسین؛
ب. دەق بە هاسانی بخوێندرێتەوە؛
پ. دەق بە خێرایی و بەبێ گرێوگۆڵ بخوێندرێتەوە.

**سەرنج**

١. هەمیشە پاش دوایین بابەت، بۆ نیشاندانی تەواوبوونی ڕستە، خاڵ دادەنێین.
٢. لە کاتی بژاردنی بابەتەکاندا دەبێ ڕستەکان یەکدەست بن؛ یان چاوگدار بن یان ڕستەی تەواو. کە وایە ئەم شێوەیەی ژێرەوە نادروستە:
هۆکارەکانی پیسبوونی هەوا بریتین لە:
ئەلف. بوونی پیسکەرەکان لە نێو شاردا؛
ب. گۆڕانی ئاو و هەوا؛
پ. هەوا لە بەر بوونی ماڵە چەندنهۆمییەکان هاتوچۆ ناکات.

دەبێ بەشی سێهەم وەکوو دوو بەشەکەی تر بە شێوەی چاوگ بنووسرێ:
هاتوچۆنەکردنی هەوا لە بەر بوونی ماڵە چەندنهۆمییەکان.

**٢.** لە جیاتی خاڵ، لە پێش ڕستەی ڕوونکەرەوە یان تەواوکەر کە لە دوای ڕستەی پێشووەوە هاتبێ، بەڵام واتای ڕستەی پێشووش هەر خۆی تەواو بێ:

ئەم وتووێژانە هیچ ئاکامێکی نییە؛ ئەگەر وڵاتانی کەنداویش بەرهەڵستی بنەوە، ڕەنگە ببێتە هۆکاری مشتومڕێکی درێژخایەن لە نێوان لایەنە وتووێژکەرەکاندا.

**٣.** لە ڕستەی لێکدراودا لە دوای کردار و لە پێش وشەی ڕوونکەرەوەی وەک «بۆ نموونە، واتە، وەکوو، چونکە، کە وایە، بەو پێیە، هەر لە بەر ئەوە، بەم شێوەیە، ...». وەک:

ڕۆیشتن کردارێکی تێنەپەڕە؛ واتە پێویستی بە بەرکار نییە.

**سەرنج:** دەبێ لە پێش خاڵبۆردا کردار هەبێت؛ دەنا لە شوێنی جیا لەمە لە بۆر کەڵک وەردەگرین:
مێژوونووسیی کوردی، واتە نووسینی مێژووی تایبەت بە کورد، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی شانزدەهەم.

**٤.** بۆ جیاکردنەوەی دەستەواژەکان یان ڕستەی مەرجدار کە چەند نیشانەی بۆری تێدا هاتبێت، لە جیاتی بۆر، کەڵک لە خاڵبۆر وەردەگرین:

ئەگەر دەوڵەت نەتوانێ ئەرکەکانی خۆی کە دابین‌کردنی هێمنایەتی، پاراستنی مافەکانی خەڵک، هاسان‌کردنەوەی یاساکان و بابەتی لەم چەشنەیە، بە باشی بەڕێوە ببات؛ خەڵک بە دیتنی کەمترین کەموکوڕی، وەپاڵ دەوڵەتی دەدەن و ئەو بە تاوانبار دەزانن.

**٥.** بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی لە باری شێواز و واتاوە بە سەربەخۆ دیارن، بەڵام لە ڕستەیەکی دوور و درێژدا ماناکانیان پێوەندییان پێکەوە هەیە:

سبەی تەلەفۆنم بۆ بکە؛ ئەودەم وەڵامت دەدەمەوە.

### جووتخاڵ (دو نقطه)  شکڵ: :

**١.** لە پێش ئاخاوتنێکەوە یان بابەتێک کە وەک خۆی بگێڕدرێتەوە، یان نووسرابێت:
ئاسۆ وتی: «من خەڵکی کوردستانم».

**٢.** لە دوای باسێک، کە پێویستی بە تەفسیر و ڕاڤە و لێکدانەوە بێت؛ زۆر جار لە پێش ئەم ڕستانەدا دەستەواژەی وەک «بریتین لە»، «بەم شێوەیە» و ... دێت:
میرنشینە کوردییەکان بریتی بوون لە: ئەردەڵان، سۆران، بادینان، بابان، هەکاری و بۆتان.

**٣.** پێش هێنانەوەی نموونە؛ لە جیات «بۆ وێنە»، «وەکوو»، «بۆ نموونە».
ئاسمانی ئەدەبی کوردی پڕە لە ئەستێرەی درەوشاوە: نالی، مەحوی، گۆران، هێمن و هتد.

**٤.** پێش ڕستەی ڕوونکەرەوە، بۆ سەلماندنی بابەتێک، یان پێش درێژەدان بە بابەتێک کە بە کورتی ئاماژەی پێ کراوە، یان بۆ هێنانەوەی هۆکارێک:
ئاکامی ئەم ڕووداوە چاوەڕوان‌نەکراو بوو: دەوڵەت دەستی لە کار کێشاوە.
پڕۆژەکە ڕاگیرا: کەل‌وپەل درەنگ گەیشت؛ کاریگەر نەبوو؛ پووڵێکی باشمان بە دەستەوە نەبوو و نەخشەکەشیان هێشتا پەسند نەکردبوو.
لە ساڵی ١٣٢٤دا ڕووداوێکی گرنگ لە وڵاتدا ڕووی دا: کۆماری کوردستان سەرکەوت.

**٥.** لە گێڕانەوەی وتووێژەکاندا دوای ناوەکان دێت:

بازرگان: ئەفەندی عەیبە. لە٣٠٠ فلس فرۆفیڵی چی دەکرێ؟

کڕیار: کاکە تۆ نیقاش مەکە. ئەمە تیجارەتە.

بازرگان: باشە ئەفەندی! باشە!

**٦.** پێش لێکدانەوەی واتای وشە. وەک:

شەمەندەفەر: قەتار

**٧.** بۆ جیاکردنەوەی بەشەکانی کاتژمێر، ناوی سوورە و ژمارەی ئایەت، لاپەڕە و ساڵ لە سەرچاوەی نێو دەقدا.

٢٠:١٠ (کاتژمێر ١٠ و ٢٠ خولەک)

بەقەرە ٢: ٨ (سوورەی بەقەرە کە دووهەم سوورەیە، ئایەی ٨)

قزڵجی، ١٣٩١: ٥٤

**سەرنج**

١. جووتخاڵ دەبێ بلکێنرێ بە وشەکەی پێشیەوە و بۆشاییی هەبێ لەگەڵ وشەی دوای خۆیدا.

٢. دوای سەردێڕە سەرەکییەکان دانانی جووتخاڵ پێویست نییە؛ جووتخاڵ ئەوکاتە لە دوای سەردێڕدا دێت کە پاش ئەو بابەتێک هاتبێت:

ڕێزمانی کوردی: ئاوەڵناو

**سێخاڵ (سه نقطه)** شکڵ: ...

نیشانەی هەڵپەساردنە و لەم شوێنانەدا دێت:

**١.** بۆ نیشاندانی درێژەی بابەت و لە جیاتی وشەگەلی وەک: «هەتا دوایی»، «هی تر» و ...:

قالبەکانی شێعر بریتین لە: غەزەل، قەسیدە، مەسنەوی ...

**٢.** بۆ نیشاندانی بابەتی لابراو و قرتاو لە سەرەتا، نێوەڕاست و کۆتایی نووسراوەیەکدا:

... لە بیچمی وا دەرکەوت کە لە مێژووی ئەو خانەدا هەوەڵین جارە شتی وا دەبیسێ.

ئەفەندی پەیدا بوو ... بە ڕوویەکی گرژەوە هات دانیشت.

**٣.** لە جیات ناوی «ئەڵلا» یان بۆ داپۆشینی ناوی کەسێک:

کابرایەک بە ناوی ... زەنگی بۆ کاک ب... لێدا.

**٤.** بۆ نیشاندانی وشە یان بابەتی کەوتوو لە نوسخەی دەستنووسدا:

مەستوورە کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە ... ئەمشەو، بە چ نازێک و عیتابێ!

**٥.** بۆ نیشاندانی کێشانەوەی وتە (بەتایبەت لە فیلمنامە، شانۆنامە، چیرۆک و ڕۆماندا):

«لە دنیادا ... هەر ئەم تووتییەم ... هەبوو ... وەک چاوتان ... ئاگاتان ... لێی بێ ...» ئیدی دەنگی لێوە نەهات.

بنمیچ لەپڕ ... ڕووخا.

**سەرنج:**

١. ژمارەی ئەو خاڵانە تەنیا سێ دانەن، نە زیاتر نە کەمتر. هەندێ کەس لە خۆڕا ئەو خاڵانە بە کەیفی خۆی دادەنێت؛ ئەوە هەڵەیە و دەبێت تەنیا سێ خاڵ بن و بەس.

٢. سێخاڵ لە نووسیندا وەک وشەیەکی سەربەخۆ سەیر دەکردرێت و دەبێ لە پێش و لە دوای سێخاڵدا مەودا هەبێ.

٣. دوای نیشانەی سێخاڵ لە کۆتایی ڕستەدا، پێویست بە خاڵی کۆتایی ناکات؛ بەڵام نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان ڕاستەوخۆ دوای سێخاڵەکە و بێ بۆشایی دێن.

٤. ئەگەر بابەتێک هەتا کۆتاییەکەی و بە تەواوی لابراوە و قرتاوە، لە جیات سێخاڵ، کەڵک لە «هتد» وەردەگرین.

## پرسیار (پرسش) شکڵ: ؟

**١.** بۆ ڕستەی پرسیاری یان تەئکیدی:

لە کابرام پرسی: «ئەم کتێبەت لە کوێ کڕیوە؟»

بۆ نازانی ئێستاکە کاتژمێر چەندە؟ (پرسیاری تەئکیدییە؛ واتە دەزانێ، بەڵام بۆ تەئکید وەبیری دێنێتەوە.)

| |
|---|
| **سەرنج**<br>لەم شوێنانەدا لە جیاتی نیشانەی پرسیار کەڵک لە خاڵ وەردەگرین:<br>١. ئەگەر پرسیارەکە بۆ تکاکردن یان دەستووردان بێت: دەکرێ سبەینێ بتانبینم.<br>٢. پرسیارەکە ناڕاستەوخۆ بێت: تکایە بفەرموون کەی لە دایک بوون.<br>٣. سەردێڕی پرسیارەکە بۆ حەل کردنی بابەتێک بێت: هۆکارەکانی گۆڕانی ئاو و هەوا بنووسن. |

**٢.** بۆ دەربڕینی شک و گومان لە شتێک. وەک:

حەسەن قزڵجی، ساڵی ١٣٦٣(؟) کۆچی دوایی کردووە.

**٣.** بۆ نیشان‌دانی گاڵتەپێکردن و پێڕابواردنێک. وەک:

ئێمە لە وڵاتی خۆماندا کێشەیەکمان بە ناوی «خەمی نان» نییە(؟)

| |
|---|
| **سەرنج**<br>ئەم دوو بەشە (٢ و ٣) دەبێ بخرێنە نێو کەوانەوە. |

**٤.** لە گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا نیشانەی پرسیار دەمێنێتەوە:

سڵاو و ماندوونەبوونی لێکرد و پرسیم: «ئەم ئاگرە چییە وا بێوچان هەر خۆشی دەکەی؟»

**سەرسوڕمان (تعجب)** شکڵ: **!**

بە دوای ئەو وشە و ڕستانەدا دێت کە مەبەستیان دەربڕینی ئەو حاڵەت و هەڵوێستانەی خوارەوە بێ:

١. بانگ‌کردن: بولبولی شەیدا! لە ئەترافی چەمەن بۆ ناڵەتە؟

٢. ئاگادارکردنەوە: هەژار ئەو ماشێنە لێت نەدا!

٣. سەرسوڕمان: لەو جوانییە!

٤. داوا: ئەو لقانە مەشکێنەوە!

٥. ئاوات: شەوێکی خۆش!

٦. سڵاو و چاک‌وچۆنی: بە خێر بێن!

٧. فەرمان: خێرا بە!

٨. دەستەودامێن‌بوون: دایکی ئازیزم!

٩. تووک و نزا: جوانەمەرگ بی!

١٠. پەسندکردن: بەڕاستی ئەم کتێبە هەڵدەگرێ خەڵاتەکە بباتەوە!

١١. سووکایەتی پێکردن: خەوت دیوە خێر بێ!

١٢. داخ و خەفەت: زۆرم پێ ناخۆش بوو هێمن لە تاقیکارییەکە دەرنەچوو!

١٣. گاڵتەپێکردن:

گورگ و چۆپان! وشتر و قەزاز! زین و گای شێت!
مێروولە و تەختی سولەیمانی! عەفاریت و نگین!

١٤. تەئکید:

هۆشت بێ! هەتا خوێنی نەڕژتووی گەردوون،
تۆ خوێنی کچی ڕەزان بڕێژە پیاڵە

١٥. هۆشدار: جادەکە تەسکە!

**جووت‌کەوان (گیومە)** شکڵ: «»

**١.** بۆ سەرەتا و کۆتایی وتەیەک کە ڕاستەوخۆ دەگێڕدرێتەوە و ناشکێنرێ و دەستکاری ناکرێ:

ئەمین زەکی بەگ بەم شێوەیە باسی خەیانەتی حاجی ئیبراهیم دەکا: «حاجی ئیبراهیم، زەمانی گرتنی شیرازی بۆ ئاغا محەمەد خان نووسیبوو.» (زەکی بەگ، ١٣٩٧: ٥٠)

**سەرنج**

گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دەبێ لە جووت‌کەواندا بێ، بەڵام ئەگەر پتر لە سێ دێڕ بوو، گێڕانەوەکە بخرێتە پاراگرافێکی تازەوە و ئەمبەر و ئەوبەری پاراگرافەکە هێندێکی مەودا (نیو سات تا یەک سانت) لەگەڵ حاشیەکان هەبێ؛ فۆنتی گێڕانەوەکەش یەک ژمارە بچووکتر لە فۆنتی سەرەکیی دەقەکە بێت:

ئەمین زەکی بەگ بەم شێوەیە باسی گرتنی شیراز دەکا:

> «حاجی ئیبراهیم، زەمانی گرتنی شیرازی بۆ ئاغا محەمەد خان نووسیبوو. ڕەئیسی قاجار لە قوماندای مستەفا خانا لەشکرێکی بە ئیمدادەوە نارد. لەم لاوە لوتفعەلی خان لە فرسەتێکی موناسیبدا هەڵیکوتایە سەر ئەو لەشکرە و لە دوای شەڕێکی قایم، شکاندی. ئاغا محەمەد خان کە ئەمەی بیست، سەفەری ئیعلان کرد و قووەتێکی وای لە قوماندای جان محەمەد خان و ڕەزا قولی خاندا نارد کە بە گوێرەی زۆری، بۆ نیهایەتدان بەم شەڕە کافی بوو.»
> (زەکی بەگ، ١٣٩٧: ٥٠)

٢. ناو، دەستەواژە یان زاراوەیەکی زانستی یان نامۆ (هەر لە جاری یەکەمدا). وەک:
هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکان بە تێکهەڵکێش کردنی دوو چەمکی فاکت (fact) و خەیاڵ (fiction) چەمکێکی نوێیان سازکردووە بە نێوی «فاکتەخەیاڵ» (faction) کە ئاماژە بە دەکارهێنانی تێکنیکەکانی ڕۆمان دەکات بۆ ئاراستەکردنی ڕووداوە مێژووییە واقعییەکان بۆ خوێنەر.

| سەرنج |
| --- |
| لەم شوێنەدا نابێ لە جیات جووت کەوان کەڵک لە کەوان وەربگرین. |

٣. کاتێ بمانەوێ گرنگییەکی تایبەت بدەین بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، دەیخەینە نێو جووت کەوانەوە. وەک:
زانایان، «زمان» بە کۆڵەکەی نەتەوە دادەنێن.
من، «مێژوو» بە چرای تاریکستانی داهاتوو دەزانم.
کوردەکان لە ساڵی 1921دا بە سەبەبی حادیسەی «دێرسیم»ەوە تووشی سەرگەردانییەکی تر بوون.

٤. کاتێک نووسەر یان بێژەر نەیهەوێ بەرپرسایەتیی وشەیەک لە ئەستۆ بگرێ. وەک:
ئاراس پێی وابوو ئەتۆ «شێتی».

٥. لە کتێبی وەک ڕێزماندا وشە تایبەتییەکان بخرێنە نێو جووت کەوانەوە. وەک:
کاتێ نیشانەی «ێ» یان «ی» یان «ان» دەچێتە سەر «ئەو»، ئەودەم «ئە»ی سەرەتا دەکرێ بقرتێ یان بوترێ.

له بەشە دیالێکتی سلێمانیدا بۆ کەسی یەکەمی تاک، جگە لە «من» هەروەها «ئەز»یش دەبینرێ.

٦. کاتێک نووسەر یان شاعیر، بەیتێک یان دێڕێک لە شێعری شاعیرێکی تر لە نووسراوەکەیدا دێنێتەوە؛ وەک:
قانعم دێنێتە بیر ئاوازی باڵندەی قەفەس
«قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە»
**٧.** ناوی وتار لە بەشی سەرچاوەکاندا دەخرێتە نێو جووتکەوانەوە:
بەحری، ئەحمەد و جەعفەری، نەسرین. «حورمەتوللووک». گۆڤاری مەهاباد، ژ ١٩٧، ساڵی حەڤدەهەم، ل ٦.

**سەرنج**
١. جووتکەوان لەگەڵ وشەکانی دەرەوەی خۆیدا مەودایەکی تەواوی هەیە و لەگەڵ وشەکانی نێو خۆیدا بەبێ مەودایە، بەڵام ئەگەر وشەی نێو جووتکەوان، لەگەڵ وشەی دەرەوەی خۆیدا پێوەندیی هەبێ، وشەکەی دەرەوە لەگەڵ جووتکەوان بەبێ مەودا دەنووسرێ:
«پێکەنینی گەدا»ی حەسەنی قزڵجی، ڕچەشکێنی چیرۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
٢. ڕستەکانی نێو جووتکەوان لە نێو خۆیدا خاڵبەندی دەکرێت:
ئاگرخۆشکەر گوتی: «براکەم! ئەمە توونی حەمامە. کاری من ئەوەیە ئەم توونە تاودەم.»

هەرکات کۆتایی ڕستەکە، وشە یان دەستەواژەیەکی نێو جووتکەوان بوو، نیشانەی ڕستە لە دەرەوەی جووتکەواندا دێت:

لە بارێکی دیکەوە ناو دەبێتە دوو بەش: «ناوی داڕێژراو» و «ناوی لێکدراو».

٣. ئەگەر لە نێو گێڕانەوەی ڕاستەوخۆدا چەند گێڕانەوەی تریش هەبوو، ئەوانی تر بە نیشانەی دیکە دیاری دەکەین:

تاوێ لووتی داژەند و گوتی: «مامە! باوکم عەرزی کردی "تەشریف بێنە بۆ ماڵی ئێمە!" ئێستاش ماشێن ئامادەیە.»

**کۆمای ئاوەژوو (لە سەرەوە)** شکڵ: " "

دەکرێ لە جیاتی جووتکەوان، لەم شوێنانەدا کەڵکی لێ وەرگرین:

**١.** لە بەشی گێڕانەوەی نووسراوە یان قسەیەکی ڕاستەوخۆدا بۆ وشە گرنگەکان یان وشەی نامۆ؛ چونکە لەم بەشەدا هەم بۆ قسە و نووسراوەکە جووتکەوانمان هەیە، هەم بۆ وشەیەکی گرنگ یان نامۆ:

د. هاشم ئەحمەدزادە لە «گێڕانەوەناسی»دا دەڵێ:

> «ئەو دوو بەرهەمەی کە لەم وتارەدا دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە بریتین لە: «لە خەوما» لە نووسینی جەمیل سائیب (١٩٥١-١٨٨٧) و «مەسەلەی ویژدان» لە نووسینی ئەحمەد موختار جاف (١٩٣٥-١٨٩٦). ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر «چلۆنایەتیی کارتێکەریی واقیع» لە سەر «خەیاڵ» لە بەستێن و کۆدەقی کوردیدا.»

دیارە لەم دەقەی سەرەوەدا دوو جووتکەوانی سەرەتا و کۆتایی دەقەکە بۆ گێڕانەوەی ڕاستەوخۆیە و ئەوانی تر، بۆ گرنگیدان بە وشەکان. لەم شوێنانەدا وا باشترە گێڕانەوە ڕاستەوخۆکە لە جووتکەواندا بێ و وشە گرنگەکان بخرێنە نێو کۆمای ئاوەژووەوە:

> «ئەو دوو بەرهەمەی کە لەم وتارەدا دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە بریتین لە: "لە خەوما" لە نووسینی جەمیل سائیب (١٩٥١-١٨٨٧) و "مەسەلەی ویژدان" لە نووسینی ئەحمەد موختار جاف (١٩٣٥-١٨٩٦). ئەم وتارە هەوڵ دەدات تیشک بخاتە سەر "چلۆنایەتیی کارتێکەریی واقیع" لە سەر "خەیاڵ" لە بەستێن و کۆدەقی کوردیدا.»

**٢.** کاتێ بمانەوێ گرنگییەکی تایبەتی بدەین بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، دەیخەینە نێو ئەو هێمایانەوە. وەک:
زانایان، "زمان" بە کۆڵەکەی نەتەوە دادەنێن.
من، "مێژوو" بە چرای تاریکستانی داهاتوو دەزانم.

**٣.** ناو، دەستەواژە یان زاراوەیەکی زانستی یان نامۆ (هەر لە یەکەم جاردا). وەک:
هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکان بە تێکهەڵکێش کردنی دوو چەمکی فاکت (fact) و خەیاڵ (fiction) چەمکێکی نوێیان سازکردووە بە نێوی "فاکتەخەیاڵ" (faction) کە ئاماژە بە دەکارهێنانی تێکنیکەکانی ڕۆمان دەکات بۆ ئاراستەکردنی ڕووداوە مێژووییە واقعییەکان بۆ خوێنەر. (سەرچاوە: گێڕانەوەناسی، دەیڤید لاج، وەرگێڕ هاشم ئەحمەدزادە)

**٤.** کاتێک نووسەر یان بێژەر نەیهەوێ بەرپرسایەتیی وشەیەک لە ئەستۆ بگرێ. وەک:
ئاراس پێی وابوو ئەتۆ "شێتی".

**٥.** لە کتێبی وەک ڕێزماندا وشە تایبەتییەکان بخرێنە نێو ئەم نیشانەیەوە. وەک:
کاتێ نیشانەی "ێ" یان "ی" یان "ان" دەچێتە سەر "ئەو"، ئەودەم "ئە"ی سەرەتا دەکرێ بقرتێ یان بوترێ.
لە بەشە دیالێکتی سلێمانیدا بۆ کەسی یەکەمی تاک، جگە لە "من" هەروەها "ئەز"یش دەبینرێ.

## کەوان (پرانتز) شکڵ: ()

کەوان بۆ چەند مەبەستێکە:

**١**. هێنانی نازناو، ناو، شۆرەت، ناوی پێشوو و هی تر. وەک:

خالیدی حیسامی (هێدی)، لە شێعرەکانیدا زمانێکی پاراو و ڕەسەنی کوردیی هەیە.

**٢**. وشەی بێگانە. وەک:

لە بەر ئەوەی *دوا شەوی دابەزینی عیسا* گفتوگۆیەکی درێژە لەگەڵ مرۆڤێکی مێژوویی و ئاماژەی ڕوونی بە موعجیزەکانی عیسای پێغەمبەر لە سەردەمانێکی کۆندا تێدایە، خوێنەر ختۆکە دەدرێت کە دەقەکە وەک ڕۆمانێکی مێژوویی (historical) ببینێت.

| |
|---|
| **سەرنج**<br>ئەگەر کتێبێک، وشەی بێگانەی زۆر تێدا بوو، وا باشترە لە پاوەرەقیدا بیاننووسین، بۆ ئەوەی نێو دەقەکە زۆر تێکەڵ بە دوو زمان نەبێ و خوێندنەوەکەی هاسانتر بێ. |

**٣**. ساڵی دەستپێک و کۆتایی ڕووداوێ، یان ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنی کەسێ. وەک:

سنووری دەوڵەتی حەسنەوی (٩٤١-١٠١٤)، هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور بوو.

حەمە پاشا (١٧٨٣-١٨٤٦)، کە بە پاشای کۆرە بەناوبانگە، توانیی لە ساڵی ١٨٢٠دا سەربەخۆیی کوردستان لە ڕەواندز ڕاگەیەنێ.

**٤**. واتا یان هاوتای وشەیەک. وەک:

زەکی بەگ دەکرێت وەک ڕۆشنبیرێکی نەسلی یەکەمی کوردی و بازنەی ئەستەمۆڵ تەماشا بکرێت کە لە ژێر کاریگەریی کەش‌وهەوای ئەستەمۆڵ و گۆڕانکاری لە دوو چەمکی «میللەت» (نەتەوە) و «وەتەن» (نیشتمان)دا ڕووی کردۆتە مێژوو و مێژوونووسیی نەتەوەکەی.

**٥.** ڕوون‌کردنەوەی زیاتر:
بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار دوو دەستەیە: یەکەم، وەرگێران (قورئان، خەییام، شەرەفنامە، ...)، دووهەم، نووسین (چێشتی مجێور، بۆ کوردستان، ئاڵەکۆک، ...)

**٦.** بۆ نووسینی دوو ڕێکەوتی هاوکات بەڵام جیاواز لە باری هەتاوی و زایینی و هی دیکەوە:
لە هاوینی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی (٢٠١٨ی زایینی) سەفەرێکی خۆشم بۆ ناوچەی هەورامان کرد.
**٧.** هێنانەوەی سەرچاوەی بابەتێک. وەک:
م. هێمن لە بارەی ژیانی دەورانی ڕەزا خان دەڵێ: «هەزاران پێچ و پشتێن و ڕانک و چۆغە و پەستەی پیاوی کورد و شەدە و هەوری و دەسماڵ و کۆڵوانەی ژنی کورد دڕا و سووتا؛ بەڵام جل‌وبەرگی کوردی، وەک سوننەتێکی میللی هەر ماوە.» (قزلجی، ١٣٩١: ١٥)

**٨.** نووسینی ناوی سوورە و ژمارەی ئایەتێک، لە دوای ئایەتەکە. وەک:
قُلْ أَعوذُ بِرَبِّ النّاس (ناس ١١٤: ١)

**٩.** هێندێک لە کورتکراوەکان دەخرێنە نێو کەوانەوە:

پێغەمبەر (د.خ)

**١٠.** لە قامووسەکاندا ڕوونکردنەوەی پێویست بۆ بابەتی دەستووری، تایبەتمەندییەکانی وشە یان هەر ڕوونکردنەیەکی دیکە دەخرێنە نێو کەوانەوە:

سَحَر (ن) (ع): بەری بەیان (ن: ناو؛ ع: عەرەبی)

**سەرنج**

1. ئەگەر کەڵکمان لە کەوان وەرگرت، لە نێوەکەیدا «یا» «واتە» ناهێنین:

گەل (واتە میللەت)

2. ڕستەی نێو کەوان دەتوانێ لەگەڵ جووتکەوان یا کەوانی سەرکووڕیش بێت: («») ([])

3. هەرکات ڕستەی نێو کەوانەکە ڕستەیەکی تەواو بێت، خاڵبەندییەکەی لە نێو خۆیدایە نەک لە دەرەوەی (هەروەک جووتکەوان).

4. کەڵک لە کەوان لە نێو کەواندا یان دوو کەوان پێکەوە وەرمەگرن.

٥. کەوان کە دادەخرێ نابێ بکلێنرێ بە وشەکەی پاشیەوە، بەڵام ئەگەر وشەکە هێشتا تەواو نەبووبێ، دەبێ بلکێت بە کەوانەوە. وەک:

بۆ نووسین بە کوردی، پێویستە تەختەکلیل (keyboard)ێکی کوردی دامەزرێنی.

٦. تکایە ژمارە مەخەنە نێو کەوانەوە. وەک:

نادروست: ئەمڕۆکە چووم بۆ کتێبخانە، (٣) کتێبم کڕی.

دروست: ئەمڕۆکە چووم بۆ کتێبخانە، ٣ کتێبم کڕی.

**کەوانی سەرکووڕ (قلاب)** شکڵ: []

**١.** بۆ زیادکردنی وشەی لێزیادکراو و لەبیرچوو لە پێداچوونەوەی کتێبی کۆن یان هەر نووسراوەیەکدا:

جوگرافیاناسە موسوڵمانەکان، کاتێ [نەخشەی] وڵاتانیان ئەکێشاوە، ناوچە کوردنشینەکانیان ناو نا «وڵاتی چیاکان» (بلاد الجبال)، یا گەرمیان و کوێستانی کورد.

**٢.** فەرمانەکانی نێو شانۆنامە و فیلمنامە. وەک:

**بیاترس**: ئیتر نەمدەتوانی بتبینم. [*نەختێک تەماشای ڕیچارد دەکات و پاشان بەتوندی هەڵدەگەڕێتەوە*]

**ڕیچارد**: [*دوای چەند چرکە بە گومانەوە دووپات دەکاتەوە*] ئیتر نەتدەتوانی بمبینی؟

**٣.** بابەتێک کە لەگەڵ دەقی سەرەکی نەبێ. وەک:

مامۆستا هاتە نێو پۆلەکە [چەپڵەلێدانی منداڵان] و لە سەر جێگاکەی دانیشت.

**٤.** بۆ نیشان‌دانی نادیاربوونی شوێنی چاپ [بێ‌جێ]، ڕێکەوتی چاپ [بێ ڕێ] و چاپەمەنی [بێ‌نا] لە کتێب‌ناسیی سەرچاوەکاندا:

بانە: مانگ، [بێ‌ڕێ]

بانە: [بێ‌نا]، ١٣٩٧

[بێ‌جێ]: مانگ، ١٣٩٧

**٥.** لە جیات کەوان لە نێو کەوانێکی تردا:

دابەش‌کردنەکانی ناو (لە ڕووی ناوەڕۆکەوە [ناوی تایبەتی، ناوی گشتی، ناوی کۆمەڵ]، لە ڕووی ڕۆنانەوە [ناوی داڕێژراو، ناوی لێکدراو]) یاریدەی خوێنەر دەدەن کە بە سانایی لە کاتی خوێندنەوەی دەقێکدا لێکیان جیا بکاتەوە.

**٦.** لە نووسینی قامووسدا هاوتاکانی سەرواژە لە نێو کەوانی سەرکووڕدا دێت:

لیوی [لیڤی]: ناوی سپایەک بوو کە ئینگلیزەکان لە سەرەتای دروستکردنی عێراقدا لە نەتەوەی ئاشووری دروستیان کرد.

**تەقەڵ یان هێڵ (خط تیرە)** شکڵ: ـ - _

تەقەڵ بە چەند شێوە دەنووسرێت:

١. «ـ»، لە ڕێکی پیتەکان ڕادەوەستێ. حەسەن ـ کە دوێنێکە هاتبۆوە ـ لە کتێبخانە بوو.

٢. «_»، هێندێک دەکەوێتە ژێرەوەی پیتەکان. حەسەن _ کە دوێنێکە هاتبۆوە _ لە کتێبخانە بوو.

٣. «-»، هێندێک دەکەوێتە سەرووی پیتەکانەوە. حەسەن - کە دوێنێکە هاتبۆوە - لە کتێبخانە بوو.

ئەم نیشانەیە لەم شوێنانەدا بەکار دەهێنرێت:

**١.** بۆ جیاکردنەوەی دوو کەسی وتووێژکەر، بۆ ئەوەی هێندە نەنووسرێ «وتی»:

بەیانی میرزا ساڵح وەکوو هەموو خەڵکی بازاڕ دەڵێن، محەلەکەی کردەوە. گەسکی دا و دەفتەر و شتی خۆی ئامادە کرد و دانیشت. تاوێکی پێچوو، حاجی پەیدا بوو.

حاجی: میرزا، تا زووە و سەرمان قاڵ نەبووە، دەست دەرە قەڵەمەکەت با حیسابی خۆمان بکەین!

میرزا: حیسابی چی؟

- چۆن حیسابی چی؟ تۆ دوو دینار چارەکێ کەمت لای من هەیە.

- باشە؛ ئیتر ئەمە حیسابی دەوێ؟

- تۆ دەڵێی ئەمڕۆ هاتوویتە بازاڕ! چۆن حیسابی ناوێ؟ هەموو شتێک حیسابی دەوێ. برامان برایی، کیسەمان جیایی.

**سەرنج:** تەقەڵ لەگەڵ سەرەتای دێڕەکە بەبێ مەودا دەنووسرێ، بەڵام لەگەڵ وشەی دوای خۆیەوە مەودایەکی تەواوی هەیە.

**٢.** کاتێک دوو وشە، بە سەر یەکەوە، دوو لایەنی جیاوازی بابەتێک نیشان دەدەن:

وتارێکی هونەری-ئەدەبیم خوێندەوە.

**سەرنج:** لەم بەشەدا تەقەڵ بەبێ مەودا دەنووسرێ.

**٣.** بە واتای «بۆ» یان «تا، هەتا». وەک:

بە قەتاری تاران-مەراغە هاتینەوە.

منداڵانی ١٣-١٧ ساڵان دەتوانن لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار بن.

**سەرنج:** لەم بەشەدا تەقەڵ بەبێ مەودا دەنووسرێ.

**٤.** بۆ ڕستەی زیادە ڕوونکەرەوە یان گوتەبڕ (ئەگەر دوور و درێژ بێ، یان لە نێو ڕستەکەدا نیشانەی دیکە بەتایبەت بۆر هەبێ). وەک:

گۆران - کە ناوە ڕاستەقینەکەی، عەبدوڵڵا بەگە - شاعیرێکی داهێنەر و نوێخوازی کوردە.

**سەرنج:** لەم بەشەدا تەقەڵ لەگەڵ وشەی پاش و پێش خۆی مەودایەکی تەواوی هەیە.

**٥.** بۆ نیشاندانی مەودای دوو ژمارە (لاپەڕە، ڕێکەوت):

لە لاپەڕە ٤٥-٥٦ی ئەم کتێبەدا زۆر بابەت ڕوون کراوەتەوە.

لە ساڵانی ١٣٢٠-١٣٢٤ی هەتاویدا گۆڕانێکی بەرچاو لە مەهاباد ڕووی دا.

**٦.** بۆ شکاندن یان بەش‌بەش‌کردنی وشە بە سەر **هیجاکانیدا:**

«کتێبخانە» چوار هیجایە: ک-تێب-خا-نە

**٧.** بۆ نیشان‌دانی زمان‌گیران: شێ-شێ-شێ-شێخانی شەمزین ئا-ئا-ئا-گادارت بن!

**٨.** بۆ دابەش‌کردن یان ناوبردنی وەرگرانی نامە:

وەرگرەکان:

- سەرۆکی بەڕێزی زانستگا - زانکۆی زانستە مرۆڤییەکان

- جێگری بەڕێزی لێکۆڵینەوە - زانکۆی ئەندازیاری

**٩.** بۆ درێژکردنەوەی پیتێک: میمکە پیرۆز، ژنی لالـــۆ ڕەحمان، بۆ خواحافیزی هاتبووە لای خانم.

**سەرنج**

تەقەڵی ژمارە ٣ بۆ زۆربەی ئەم بەشانە دەبێت، چونکە نە بە وشەکانەوە دەچەسپێ، نە پێویستی بە نیوەمەودا (نیم‌فاصلە) هەیە؛ بێجگە لەمانەش، ئەگەر لە تەقەڵی ژمارە ١ کەڵک وەربگرین، زۆر جار تەقەڵەکە درێژتر دەبێتەوە و لە چاو ئەوانی دیکە ناحەزتر دەنوێنێ.

**هێڵی لار (خط مورب)** شکڵ: /

**١.** بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، یان بەرگ و لاپەڕە. وەک:
شاری کەرکووک لە ٢٠٠٣/٤/١٠ ڕزگار کرا.
١٣٦/٤ (بەرگی ٤ لاپەڕەی ١٣٦)

**٢.** بۆ نووسینی دوو زاراوەی کورتکراوە کە لە یەک کاتدا بەکار دەهێنرێن. وەک:
خێراییی تێشک ٣٠٠ هەزار کم/چردایە. (کم: کیلۆمەتر؛ چر: چرکە)

**٣.** لە نێوان شێوازە جیاوازەکانی وشەیەکدا. وەک:
لیوی/لیڤی، ناوی سپایەک بوو کە ئینگلیزەکان لە سەرەتای دروستکردنی عێراقدا لە نەتەوەی ئاشووری دروستیان کرد.

**٤.** بۆ جیاکردنەوەی پیتەکان لە بابەتگەلی زمانناسیدا:
پیتە دەنگدارەکان: ە/ی/و/ۆ ...

**٥.** جیاکردنەوەی یەکەکانی دراو یان ژمارە دەهگان، سەدگان و هەزارگان:
بڕی ٥۴٥/٢٥٦٣/١٢٥ تمەنی من لە لای تۆ ماوەتەوە.
ئەمساڵ ڕادەی گەشتیارانی وڵاتەکەمان گەیشتە ١٢٥/١٧۴ کەس.

| |
|---|
| **سەرنج**<br>بۆ ئەم بەشە دەشتوانین کەڵک لە کلیلی «Del» لە بەشی ژمارەکاندا وەرگرین:<br>125.155.485 |

| |
|---|
| **سەرنج**<br>لەم شەش شێوەی سەرەوەدا نابێ هێڵی لار مەودای لەگەڵ وشەی پێش و دوای خۆیەوە هەبێ. |

**٦.** بۆ جیاکردنەوەی دێڕەکانی شێعرێک:

شەو ڕاشکا / ئەژنۆم شل بوو. / مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا. / دەرگەکەتم لێ بکەوە.

| |
|---|
| **سەرنج**<br>لە شێوەی چواردا هێڵی لار لەگەڵ وشەی پاش و پێش خۆی، مەودایەکی تەواوی هەیە؛ لەوانی دیکەدا مەودای نییە. |

## جووتهێڵی هاوتەریب (خط موازی) شکڵ: ||

**1.** بۆ جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکانی وشەیەک لە نووسینی قامووسدا:

ئەنجێنە: ئێزنگ، داری شکاو بۆ ئاگری زستان || ناوی گوندێکە لای بانە

| |
|---|
| **سەرنج**<br>دەشتوانین واتا جیاوازەکان بە ژمارە بنووسین:<br>ئەنجێنە: 1. ئێزنگ، داری شکاو بۆ ئاگری زستان. 2. ناوی گوندێکە لای بانە |

**برۆ (ابرو)** شکڵ: ~

نیشانەی دووپاتەبوونەوەیە و لە قامووسنووسیندا لە جیاتی دووپاتکردنەوەی وشەی سەرەکی کەڵکی لێ وەردەگرین:

بەئاگا: نەخەوتوو || خاوەنخەبەر

~هێنانەوە: ئاگادارکردنەوە

~هاتن: لە خەو هەستان || وشیار بوون

**هێڵی درێژ (خط بلند)** شکڵ: ـــــــــــ یان ـــــــــــ

**1.** له بەشی کتێبناسیی سەرچاوەکاندا لە جیات دووپاتکردنەوەی ناوی نووسەر کەڵکی لێ وەردەگرین:

پایانیانی، سەلاح. *فەرهەنگی زارەکیی موکریان (بەشی ژنان)*. مەهاباد: نووسەر، 1394.

ـــــــــــــــــ. *کانی مرادان*. ورمێ: سەلاحەدین ئەیووبی، 1380.

## چەند سەرنجێکی تر لە بەشی نیشانەکاندا

١. ئەم هێمایانەی خوارەوە لەگەڵ وشەی پێش خۆیانەوە مەودایان **نییە**، بەڵام لەگەڵ وشەی دوای خۆیانەوە مەودایەکی تەواویان **هەیە**:

- بۆر «،»
- خاڵ «.»
- کامای خاڵدار «؛»
- نیشانەی سەرسوڕمان «!»،
- نیشانەی پرسیار «؟»
- جووتخاڵ «:»

نموونە:

پیرەژنێک و پیرەمێردێک بووکێکیان هەبوو. بووکەکەیان زۆر تەمەڵ و تەوەزەل بوو.

جارێکیان پیرەمێردەکە گوتی:

- ژنەکە، تۆ دەست دەرە گۆزەکە، بکەوە ڕێ بۆ ئاو؛ منیش گۆزەکەت لە دەست ڕادەکێشم؛ بزانین بووکەکەمان شەرم دەیگرێ بچێ بۆ ئاو.

ئاوایان کرد. پیرەژنەکە دەستی دا گۆزەکە. پیرەمێردەکە خەریک بوو گۆزەکەی لە دەست بستێنێ و گوتی: پیرەژن، بیدە بە من! من دەچم بۆ ئاو. تۆ پیر بوویی.

پیرەژنەکە گوتی: نا، نا، ئەمە کاری ژنانە. خۆم دەچم.

بووکەکەیان تەماشای کردن ... تەماشای کردن، پێیان پێکەنی و گوتی:

- ئەیەڕۆ! ئینسانی پیر چۆن سەری لە هیچ دەرناچێ! ئائەمەش ئەقڵێکی زۆری دەوێ؟ نازانن ئەمڕۆ یەکێکیان بچێ بۆ ئاو، سبەینێش ئەوی تریان!)

٢. ئەم هێمایانەی خوارەوە لەگەڵ وشەی پاش و پێشی خۆیان مەودایەکی تەواویان **هەیە**، بەڵام لەگەڵ وشەی نێو خۆیان مەودایان **نییە**:

- کەوانە ()
- جووتکەوانە «»
- کەوانی سەرکووڕ [ ]
- کۆمای ئاوەژوو " "
- ئاکۆلاد {}
- سێخاڵ ....

نموونە:

«لەم ڕوانگەیەوە، سەرەڕای هەبوونی تۆوگەلی مێژوویی لەم ڕۆمانەدا، ناکرێت "ڕۆمانی مێژوویی" ببێتە ناسنامەی ئەم ڕۆمانە. ڕەنگە بە هۆی ئەوەی کە بەشیکی زۆر لە باس وخواسەکانی ئەم ڕۆمانە ئاوڕدانەوەی هەستیناسانەن لە پرسی بوون و ئامانجی ژیان و خەونی فریادڕەس، مرۆڤ بتوانێت وەک ڕۆمانێکی فەلسەفی (philosophical) پێناسەی بکات.»

## دانانی پاوەرەقی

پاوەرقی بۆ روونکردنەوەیەکی زیاتر، یان نووسینی سەرچاوەی بابەتێک، یان واتاکردنەوەی وشەیەک، یان ئیملای وشەیەک بە زمانێکی ترە.

پاوەرقی دەبێ بە شێوەی ئۆتۆماتیک دابندرێ (بێجگە لە دیوانە کلاسیکەکاندا). بۆ ئەم مەبەستە دەبێ بچنە ئەم ئادرەسە لە "وۆرد"دا:




ڕێکوڕاست وەک وێنەی خوارەوە بابەتەکان دانێن:

| | |
|---|---|
| ١. پاوەرقی لە کۆتایی لاپەڕەدا دادەنێت.<br>٢. پاوەرقییەکان بە ژمارە دادەنێت.<br>٣. لە هەر لاپەڕەیەکدا ژمارەکان تازە دەکاتەوە.<br>٤. بۆ سەرجەم فایلەکەیە، نەک هەر بەشێک لە فایلەکە.<br>٥. Apply: گۆڕانکارییەکان لە سەرجەم فایلەکەدا دروست دەکا. |  |

### سەرنج

**1.** پاوەرەقی دەبێ لە دوای ئەو بابەتەوە داندرێت کە دەمانەوێ ڕوونی بکەینەوە، یان شی بکەینەوە، یان واتای لێک بدەینەوە، یان بەرامبەرە بیانییەکەی بۆ بنووسین؛ واتە پاوەرەقی یان بۆ «وشە» و «دەستەواژەیەکی دیاریکراو»ە یان بۆ «ڕستەیەک».

### بۆ وشە و دەستەواژەی دیاریکراو

بۆیە "ئەیووب کوڕی سەتە کوڕی عەبدوڵڵا"[1]، موڵکەکانی لە مەدینە بە میرات بۆ بەجێ ما.

لێرەدا پاوەرەقی بۆ ئەو ناوەیە کە لە جووتکەواندا هاتووە.

هەژدەمین ئیقلیم، ئەرمینیە و ئاران و ئازربایجان، وان و بەرزەعە، تەبرێز، ئەردەبیل و مەراغە[1].

لێرەدا پاوەرەقی بۆ ڕوونکردنەوەیەکە لە بارەی مەراغەوە.

### بۆ ڕستە

ئاساری ئیسلام و ڕیوایات و حیکایاتی کورد، بۆ حەلکردنی مەسئەلەی ئەسڵ و فەسڵی ئەم قەومە ئەوەندە بەکەڵک نایە. مەسعوودی لە "مروج الذهب"دا ئەڵێ: «کورد، نەتەوەی ئەو ئێرانییانەیە کە لە دەست "زەحاک"ی خوونخوار ڕایانکردووە. ئەم ڕیوایەتە لە شانامەدا لە تەڕەف فیردەوسییەوە بە شێعر باشتر تەسویر کراوە.[1]

لێرەدا ئەم پاوەرەقییە بۆ باسی فیردەوسی و شانامەیە؛ ئەگەر وایە، ئێمە لەم پاوەرەقییەدا دەمانەوێ سەرجەم ڕستەکە ڕوون بکەینەوە، نەک هەر وشەی کۆتایی ڕستەکە (کراوە).

یان:

جا لەمە وا دەرئەکەوێ کە تاریخی تەقریبی هاتنی کورد بۆ کوردستان، ئەبێ لە دوای ٦٥٠ی پ.م بێ، چونکە سجیللاتی ئاسووریی پێش ئەم تاریخە هیچ باسی نەکردوون.[١]

ئەم پاوەرەقییەش هەر بۆ شیکردنەوەیەکی زیاتری ڕستەکەی سەرەوەیە، نەک هەر بۆ کرداری "کردوون"؛ چونکە لە پاوەرەقییەکەدا ئەم ڕستەیە هاتووە:

مستەر هۆل لە "تاریخی قەدیمی شەرقی قەریب" لاپەڕە ٤٥٦دا ئەڵێ: «"ئاداد نیراری" - سێیەمی قڕاڵی ئاسووری - لە ٨١٢ پ.م.دا عەشایری کوردی شیمالی تەئدیب کرد.»

**٢.** لە شێعری کلاسیکدا ژمارەدانانی پاوەرەقی، بە ئۆتۆماتیک نییە، بەڵکوو ژمارەکان دەبێ بە دەست دابندرێن. هەروەها لەم کتێبانەدا تەنیا لە "کۆتایی بەیت"دا ژمارە دادەنێین و لە پاوەرەقیدا ڕوونکردنەوە یان شیکردنەوەکان دەنووسین، چونکە ئەگەر لە شێعری شاعیرێکی وەک نالیدا بمانهەوێ بۆ وشەکانی هەر دێڕێک ژمارە دابنێین، دێڕەکە پڕ دەبێت لە ژمارە، هەربۆیە خوێندنەوەکەشی ناخۆش دەبێت:

مووی سپی کردم بە شوشتن[١] ئاوی عەینی[٢] شۆرەشەت[٣]
شۆرەشەت یەعنی کە تێدا خودبەخود قەل[٤] بوو بە بەت[٥]

ئەگەر وایە، بەم شێوەیەی دەنووسین:

مووی سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شۆرەشەت
شۆرەشەت یەعنی کە تێدا خودبەخود قەل بوو بە بەت[١]

لە پاوەرەقیشدا هەر بەو ژمارەیەی کە لە سەر بەیتەکەیە، ژمارە دادەنێین و واتای وشەکان بە ئەستێرە (*) لە یەکتر جوێ دەکەینەوە:

١. شوشتن: شۆردن * عەین: چاوە، کانی * شۆرەشەت: سوێرەچەم * قەل: بۆقلە * بەت: مراوی.

## پێداچوونەوەی دیوانە کلاسیکەکان

تکایە لە پێداچوونەوەی دیوانی شێعرەکاندا ئەم خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو بگرە:

**1.** شێعرەکان بە پێی قالب داندرێن، بەم شێوەیە و بەم ڕیزەی خوارەوە:

1. غەزەل؛ 2. قەسیدە؛ 3. قەتعە؛
4. مەسنەوی؛ 5. چوارینە، چوارپارە؛ 6. دووبەیتی؛
7. پێنجخشتەکی؛ 8. تەرجیعبەند، تەرکیببەند؛
9. موستەزاد؛ 10. وردەواڵە

**2.** شێعرەکانی هەر بەشێک بە پێی **ئەلفوبێیەکی** دروست ڕیز بکرێن.

ئەلفوبێی کوردی: ا، ە (بزوێن)، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر/ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ق، ک، گ، ل/ڵ، م، ن، و/ۆ، ھ (پیت)، ی/ێ

| سەرنج |
| --- |
| ئەو شێعرانەی بە «ـە» تەواو دەبن، لە ڕیزبەندیدا دەکەونە دوای پیتی ئەلفەوە. |

**4.** لە بەشی غەزەل، قەسیدە، چوارینە و دووبەیتیدا شێعرەکانی هەر پیتێک، ژمارەبەندی بکرێن؛ بۆ نموونە: پیتی ئەلف لە 1 هەتا 15، پیتی ب لە 1 هەتا 8، پیتی ج لە 1 هەتا 20 ...

لە بەشەکانی دیکەدا، لە سەرەتای بەشەکەوە ژمارە دابندرێ؛ بۆ نموونە: ژمارە 1 هەتا هەرچەندە ژمارە ... (ئیدی پێویست بە ڕیزبەندیی ئەلفوبێ ناکات)

**5.** لە هەر شوێنێک پێویست بە نووسینی پاوەرەقی بوو، دەبێ لە کۆتایی ئەو بەیتەی پاوەرەقی دەوێت، ژمارە دابندرێ (ژمارەکە دەبێ لە سەرەوە بێت)؛ دوایە لە کۆتایی غەزەل (یان هەر شێعرێک)دا 30 جار هێڵ دابنێن و هەر بەو ژمارەیە، پاوەرەقییەکەی بنووسن. بۆ نموونە:

ئیعلانە ڕەنگ و بۆی یار، کردوویە عاشقی زار
گوڵبون بەبێ چرۆ و گوڵ، دیارە بە عەندەلیبا[1]
هەرگیز خوا! نەبینم، دائیم خوا! ببینم:
ئولفەت لەگەڵ ڕەقیبا، کولفەت لەگەڵ حەبیبا[2]
من عاشقی هوما بووم، وا بوومە هەمدەمی بووم
زەمانە نانەجیبی دانا لە جێی نەجیبا[3]

---

1. گوڵبون: بڕکی گوڵ * عەندەلیب: بولبول.
2. ئولفەت: دۆستایەتی، سازان؛ هاوڕێیەتی * کولفەت: ناخۆشی، نەسازان.
3. بووم: کوندەبوو.

**سەرنج**

1. بە هیچ شێوەیەک نابێ ژمارەی پاوەرقییەکان بە **ئۆتوماتیک** دابندرێن، بەڵکوو دەبێ بە **دەست** داندرێن (واتە خۆتان ژمارەکان بنووسنەوە).

2. لە کاتی نووسینی پاوەرقیدا، دوای ژمارەی پاوەرقییەکە، خاڵ (نوقتە) دانێن.

بۆ نموونە:

١.

3. بۆ بردنە سەرەوەی ژمارەکان، کەڵک لەم نیشانەیە وەرگرن: $X^2$




4. دوای تەواوبوونی هەر پاوەرقییەک "**خاڵ**" دانێن (وەک نموونەکەی سەرەوە).

6. فۆنت: bahij mitra

ئەندازەی فۆنتی دەقی سەرەکی: 13

پاوەرقی: 10

7. شێعرەکان لە ژێر یەکدا بنووسرین؛ بۆ نموونە بەم شێوەیە دروستە:

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان

بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان

بەم شێوانەی خوارەوە هەڵەیە:

له دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان

یان:

له دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان

٨. ناوی شاعیر بخرێتە نێو جووت‌کەوانەوە.

٩. ئەگەر وشەیەکی عەرەبی لە شێعرەکەدا هەیە و هەر بە ڕێنووسی عەرەبی دەینووسنەوە، تکایە لە جووت‌کەواندا بینووسن و لە پاوەرەقیدا واتاکەی بنووسنەوە.

١٠. پێشەکییەکی دوو لاپەڕەیی بنووسن و لەوێدا شێوازی کارەکەتان و جیاوازیی ئەم چاپە لەگەڵ چاپەکانی پێشوو شی بکەنەوە.

١١. کارتان بە بەشی ناوەڕۆک نەبێ؛ خۆم دایدەنێم.

١٢. خاڵبەندی (علائم سجاوندی) بە دروستی و بە تەواوی ڕەچاو بکەن.

**سەرنج**

هەڵبەت لە شێعردا بۆ هاسان‌خوێندنەوەی خوێنەر کەمتر لە خاڵبەندی کەڵک وەردەگرین؛ مەگەر لە شوێنێکدا کە زۆر پێویست بێ.

١٣. لە ٢٠٠ وشەدا کورتەیەکی ژیانی شاعیر بنووسن.

١٤. لە دیوانی شاعیرانی کلاسیکدا (چاپە کۆنەکان) زۆر جار بۆ هاسانکاریی خوێندنەوە و کێشی بەیتەکان، «ی» بە دوو دانە (یی) و «و» بە دوو دانە (وو) دەنووسرا. وەک:

هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەسڵ و نییە ئەسڵی
کارت وەکوو دونیایە، هەر ئەمڕۆیە بە فەردا

«مەلام و ئەهلی تەقوام و بە مەی سەججادە ڕەنگ ناکەم
لە بادەی ساقی‌یو قیژەی کچی نەرم‌ونیانم چی؟!»

ناشکێ قوربان دڵم هەرگیز لەبەر جەوری ڕەقیب
عادەتی ئەو دائیمەن هەر فیتنە وو بەدکارییە

بەڵام لەم چاپانەدا بڕیار دراوە کە ئەم وشانە هەر بە شێوەی خۆیان بنووسرێنەوە؛ واتە بەبێ «ی» یان «و»ی زیادی. بۆ ئەوەی کە خوێنەر بۆخۆی زەوق و مرخی شێعری بەکار بێنێ و کێشی شێعرەکە ڕاست کاتەوە و بە دروستی بیخوێنێتەوە.
هۆی ئەم کارەش ئەوەیە کە ڕێزمان نەکەینە قوربانی عەرووز. ئەگەر لەو دوو شوێنەدا پیتە زیادییەکانمان نووسی (ئەو پیتانەی تەنیا لە بەر عەرووز و کێشی شێعرەکە دێنە ئاراوە)، ئەی بۆ ئەو وشانە چی بکەین کە «و» یان «ی» نین، بەڵام دەبێ لە بەر عەرووز، بە شێوەیەکی دیکە بخوێندرێنەوە!؟ بۆ نموونە وشەی «بمرم» دوو بەشە (بم رم)، بەڵام لەم شێعرەی خوارەوەدا دەبێ بە "سێ بەش" بخوێندرێتەوە (بـ مـ رم):
حەسرەتکەشی ئەو شان و مل و گەردنە ڕووتەم
وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت! (گۆران)

هەر بژین بە شادی

سەربەرزی و ئازادی